# 11ی ئازاری 1970

ئامادەکردنی دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی لقی 21

چاپی سێیەم

ئازاری / 2012

زنجیرە ( 25 )

## پێشەکی

- ئێمە پێمان وایە وەبیرهێنانەوەی رێککەوتننامەی 11ی ئازاری 1970 کە دەسکەوتێکی گرنگ و مێژوویی و سیاسی بوو بۆ ئەو سەردەمەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان ، کە ئـەمرۆ (42) سـاڵ بەسـەر مۆرکردنیـدا تێدەپـەرێ ،پێویـستیەکە بـۆ هـەموومان تـا لـە نزیکـەوە ئاگـاداری سـەرکەوتنەکانی شۆرشـی ئـەیلولی مـەزن و مـل کەچـکردنی رژێمـی بـەعس بـۆ دان نـان بـە مافەرەواکانی گەلەکەمادا ببین . هـەروەها زانیاریـان لەسـەر ئـەو هـەڵ و کۆشـشە بەردەوامانـەی بارزانی نەمر و سەرکردایەتی شۆرش هەبێت کە چـۆن بـۆ بەدەسـتهێنانی زۆرتـرین دەسـکەوت بـۆ گەلەکەمان خەباتیان کردوە و ماندوو بوون ولە خەمی پاشەرۆژ و ئایندەیدا بوون .
- لە لایەکی تریشەوە ئەزمونێك وەرگرین لـە شـێوازی کـاری دبلوماسـی و میکـانیزم و چـۆنیەتی گفتوگۆی سیاسیانە لە گەڵ لایەنەکاندا ، تا بەرچـاو روونیمـان هـەبێت و هەریـەك لـە ئێمـە وەك کادرێکی سیاسی مەیدانی بۆ کاری رۆژانەمان سودی لێ ببینن .
- ئاگاداربون لە مێژووە پر سەروەریەکانی شۆرشەکانمان و خوێندنەوەی لاپـەرەکانی هۆکاریکـە بـۆ بەرزبونەوەی ئاستی هۆشیاری سیاسی ئێمە کە رۆژانە پێویستیمان پێیان دەبێت .
- ئومێدەوارین توانیبێتمان لە لایەنە رۆشنبیری و هۆشیاریە سیاسیەکەوە خزمـەتێکمان پێـشکەش بە ئێوەی بەرێز کردبێت .
- ئەگەر لە هەڵەو کەموکوریەکان ببانبورن سوپاستان دەکەین .

**دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی لقی** 21
11**ی ئازاری**/ 2012

**سەرۆك مسعود بارزانی لە کتێبی ( بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد ) بەم جۆرە سەرەتای گفتوگۆ و وردەکاریەکانی بە ئامانج گەیشتنی رێککەوتننامەی 11ی ئازاری 1970مان بۆ دەگێڕێتەوە**

## دەست پێکردنی گفتوگۆ

لە مانگی ئەیلولی 1969 دا وەفدێکی قوتابیان لە یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە بەغداوە هاتە سەردانمان.وەفدەکە هەندێ پێشنیازی دەستنیشانکراوی لە بارەی چەند بۆ چوونێکەوە بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد , لە بەرێز مورتەزا حەدیسیەوە لەگەڵ خۆیدا هێنا بوو.پڕ بایەخترین شتێك لەو پێشنیازانەدا ئەوەبوو گفتی تێدا درابوو بە جێبەجێکردنی بە یاننامەی 29ی حوزەیرانی 1969 , لە کاتێکدا کە لە هەندێك لەو پێشنیازانەدا زمانی دەسەلاّتداریەتی و هەوڵی سەپاندنی دارشتەیەکی دیاری هەبوو. مەکتەبی سیاسی لەگەڵ ئەو قوتابیانەدا کۆبووەوە و , من و ئیدریسی براشم لەناو ئەوانەدا بووین کە لەگەڵیان کۆبوونەوە.لەناو پێشنیازەکاندا شتێکی وامان نەدی دەست پێکردنەوەی گفتوگۆ ڕەوا بدێرێ . دنیا گۆڕابوو بەیاننامەی حوزەیران لەگەڵ ئەو شتانەدا نەدەگونجا کە تازە هاتبوونە ئاراوە و بۆ ئەو قۆناغە سەرکەوتووانە دەستی نەدەدا کە شۆڕش بریبوونی , بۆیە ئەو پێشنیازانەمان ڕەت کردنەوە و خرانە پشتگوێ.

## وەفدی قوتابیان

1-وەفدەکە لە ئەنوەر عەبدوڵلاّ و عەبدولقادر محەمەد ئەمین پێك هاتبوو.

2-کورتەی پێشنیازەکانیان ئەمانە بوون :-

1–پێویستە لەسەر مەکتەبی سیاسی جارِی هەڵوێستی پشتگیریی خۆی لە شۆڕشی 17ی تەمموزی 1968 بدات.
2–پێویستە مەکتەبی سیاسی بە سەرکردایەتیی مەلا مستەفای بارزانی چەند هەنگاوێکی وا بنێت لەوانە بن متمانە پتەو بکەن و , رێگە بۆ گفتوگۆ لە نێوان هەردوولادا خۆش بکەن.
3–حکوومەت پابەندی بەیاننامەی 29ی حوزەیرانە و , بەشی زۆری مەرجەکانی جێبەجێ کراون , چەند پرسی تری واش جێبەجێ کراوە کە بەیاننامەکە باسی لێنەکردوون , لە کاتێکدا کە مەلا مستەفا تاقە هەنگاوێکی وای نەناوە نیشانەی نیاز باشی بێت.
4–حکوومەت بەرپرس نییە لە تازە بوونەوەی شەڕ , بەرگەی زۆر دەستدرێژیشی گرتووە تا ڕادەی لێدانی دامەزراوەکانی نەوت , ئەو نەوتەی کە ئەو شادەمارەیە هۆیەکانی ژیان بۆ گەلی عێراق دابین دەکات.
5–حزبی بەعس باوەڕی بە چارەسەری ئاشتی هەیە و هەوڵ دەدات و تێ دەکۆشێ بەم رێگەیەدا و ئەمە بە هەڵوێستێکی مەبدەئی دەزانێ و لە شوێنی هێزیشەوە ئەم هەڵوێستەی گرتووەتە بەر.
6–مەلا مستەفا جارِی ئەوە دەدا کە هێزەکانی کۆببنەوە لە ناوچە هاوسنوورەکانی تورکیا نەك ئێران ئەویش لەبەر هەندێ لێکدانەوەی سیاسی , پێویستە لەسەر حکومەتیش کە فورسان لە شوێنێکی وادا کۆ بکاتەوە بۆ ئەوە بشێ تێیدا کۆببنەوە.
7–حکوومەت کار بۆ هەموو پێشمەرگەکان پەیدا دەکات.

* لە 24 ی تشرینی یەکەمی 1969 دا برووسکەیەك لە هێزی باڵەکەوە هات بۆ بارەگای بارزانی تێیدا نووسرابوو کەوا مەفرەزەیەکی ئەم هێزە پیرە پیاوێکی عارەبی چەفیە و عەگال لەسەری گرتووە لە کاتێکدا کە لە رێگەی بەرزێوەوە پەرێوەبووە و دەڵێ : من باوکی ملازم خدرم. سەرکردایەتیی هێزی ناوبراو داوای ڕێ پێشاندانی دەکرد کە چۆن لەگەڵ ئەم پیاوەدا بجوولێنەوە , ئێمەش وەڵامان دایەوە : بیبەن بۆ لای ملازم خدر , ئەگەر باوکی ئەو دەرچوو

لای ئەو بەجێی بهێڵن و , ئەگەر واش نەبوو لەگەڵی بکۆڵنەوە و بزانن بۆچی هاتووە و لە ڕاستیدا کێیە.

هەر کە پیرە پیاو گەیشتە لای ملازم خدر ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆی دەرخست و دەرکەوت کەوا مامۆستا (عەزیز شەریفی) دۆستی گەلی کورد و دۆستی بارزانییە , هێنایان بۆ بارەگای بارزانی و پاشان زوو گوێزرایەوە بۆ دیلمان , لەوێ بەسەرهاتی هاتن و کاری خۆی بۆ گێڕاینەوە و وتی : (ئەحمەد حەسەن بەکر چەند جارێك داوای لێکردووم بێمەوە بۆ عێراق و منیش هەموو جارێك بیانوویەکم دەهێنایەوە و , داوای لێبووردنم دەکرد , دواجار کە لە قاهیرە بووم نامەیەکی بۆ ناردم تێیدا نووسیبووی : حەز دەکا من بەهۆی ئەو پێوەندییە توندەوە کە بە ئێوەوەم هەیە ببم بەهۆی پێوەندی لە نێوان ئەوان و ئێوەدا , وتیشیان : ئێمە ئێستە لە دوای ئەوە دەگەڕێین ڕێگەی خۆمان بۆ وەدەستهێنانی چارەیەکی ئاشتیخوازانە بدۆزینەوە , هەر کە ئەمەم پێ گەیشت کۆڵی خۆم پێچایەوە و گەڕامەوە بۆ بەغدا و لەگەڵ بەکر و سەرکردایەتیی حزبی بەعس کۆبوومەوە , داوایان لێ کردم بێم بۆ کوردستان بزانم بیروڕای سەرکردایەتیی شۆڕش لە بارەی خستنەڕێی گفتوگۆ لەگەڵ ئێوەدا چۆنە؟).

ئەمە ئەوە بوو کە مامۆستا عەزیز بۆی گێڕاینەوە.

پاش ئەمە بارزانی لەگەڵ هەردوو سەرکردایەتیی مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی تەنفیزی کۆبووەوە و ڕێککەوتنی سەرەتایی لەسەر ڕەزامەندیی دەست پێکردنی گفتوگۆ وەدەست هات.

عەزیز شەریف بەم وەڵامەی ئێمەوە گەڕایەوە بەغدا , ئەم هاتنەی هەروا بە نهێنی مایەوە کەسانێکی کەم نەبێ پێیان نەزانی , پاشان لە 14ی تشرینی دووەمی 1969 دا هاتەوە و ئەم نامەیەی هێنابوو:-

**(ڕژێم ئامادەیە بۆ دەست پێ کردنی گفتوگۆ و دەیەوێ لە پێشا نوێنەری سەرکردایەتیی وڵات و نوێنەرێکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش بنێرێ تا لە بارزانی و سەرکردایەتییەوە**

دڵنیابن کە شۆڕش بە کردەوە نیازی گفتوگۆیەکی وای هەیە , جا ئاخۆ ئامادەیی بۆ پێشوازی کردنی ئێمە لە هەردووکیان هەیە و کەی و چۆن و لە کوێ؟).

بارزانی ئامادەبوو بۆ بەیەکگەیشتن , بەڵام وازی لە کات و شوێن هێنا بۆ ڕژێم ئەو خۆی هەڵیان بژێرێ.

بۆ ڕێ خۆشکردنی هاتنی وەفدی رژێم , لە پێش ئەوانەوە (یڤگینی پریماکۆڤ ) لە 8ی کانوونی یەکەمی 1969 دا لە بەغداوە هات , پریماکۆڤ نامەیەکی لە سەرکردایەتیی سۆڤیەتییەوە پێ بوو ئاماژەی تێدا کردبوو بۆ ئەو هەلە زێڕینەی بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد ڕەخساوە , وای بەباش زانیبوو کەڵك لەم هەلە وەربگیرێ و لە دەست نەدرێ , جەختی لەسەر ئەوە کردبوو کە هەموو قورساییی خۆی دەخاتە پاڵ ئەم ویستە بۆ ناچارکردنی بەغدا بۆ گەیشتن بە چارەیەکی بنبڕ.

لە ڕۆژی 18 کانوونی یەکەمدا سەمیر عەزیز نەجم کە یەکێك بوو لە ئەندامانی سەرکردایەتیی هەرێمایەتیی بەعس و ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش لەگەڵ عەزیز شەریف و فوئاد عارفدا هاتن و بوون بە میوانی بارزانی .

نەجم سیاسەتی ئێستەی حزبی بەعسی سەبارەت بە پرسی کورد لێك دایەوە و ڕوونی کردەوە کەوا حزبی بەعس ئارەزووی چارکردنی ئەم پرسەی هەیە لەسەر بنەمای ئەوە کە بارزانی سەرکردایەتیی ئەم پرسە دەکات , وتیشی ئەو هۆیانەی بەعس و غەیری بەعس لەمەوپێش پەنایان بردوونەتەبەر هەڵەبوون و , بیانووی بە تایبەتی بەوە هێنایەوە کە بەعس تاقیکردنەوەی کەم بووە , بەڵام وا لە 1968 ەوە تاقیکردنەوەی لا کەڵەکە دەبێ و سەرەنجام گەیاندوونی بەو بڕوایە کەوا تاقە ڕێگەی ئاشتی بریتییە لە ڕێککەوتن لەگەڵ بارزانیدا.

پێش هاتنی ئەمانە , ڕژێم وەفدێکی تایبەتیی پێك هێنا لە مورتەزا حەدیسی و سەعدوون غەیدان بۆ ئەوەی ئەو وەفدە گەشتێك بەو ناوچانەی کوردستاندا بکات کە لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمدان و بە شار و گەورەشارەکاندا بگەڕێت , ئەم دووانە کۆمەڵێکی زۆریان لە ڕۆشنبیران و کەسایەتییە دیارە کوردەکان بینی و لە بیروبۆچوونی ئەوانیان پرسی , باسیان کردووە کەوا

یەکێك لەو کەسانەی لە سلێمانی دیویانن نیشتیمانپەروەری ناسراو ئیسماعیل حەقی شاوەیس بووە , شاوەیس پێی وتبوون : ئەگەر ئەوەم بۆ دابین دەکەن کە پارێزراو بم , قسەی ڕاستتان بۆ دەکەم , مورتەزا حەدیسی و سەعدوون غەیدانیش پێیان وتبوو : دەتوانی چی دەڵێی بلێی , ئەویش وتبووی :

( **ئێوە لە خۆڕایی خۆتان ماندوو دەکەن , نە ئێمە و نە جاشە مۆدێل جۆراوجۆرەکان هیچ لایەکمان نوێنەری گەلی کورد نین , ئەوەی بە ڕاستی نوێنەری گەلی کوردە بارزانی و جەنگاوەرەکانی ئەون ئەگەر لە ڕێککەوتن دەگەڕێن بڕۆن بۆ لای بارزانی , قسەی دوا قسە کە هەموو شتێك دەبڕێتەوە لای بارزانییە**).

مورتەزا و سەعدوون گەشتەکەی خۆیان بە هەموو ناوچەکەدا تەواو کرد.

نوێنەری ڕژێم سەمیر نەجم لایەکی تایبەتی لێ کرایەوە و , مێوانداریەکی تایبەتی لە مورتەزا حەدیسی و سەعدوون غەیدان کرا و , ڕۆژی 20ی مانگ نوێنەری ڕێژیم لەگەڵ شاندی بارزانی کە دارا تۆفیق بوو گەڕایەوە بۆ بەغدا و , دارا بۆ ئەوە نێردرابوو کە بیروبۆچوون و قسەی سەرکردایەتیی بەعس و بەرپرسانی حکوومەت ببیستێ.

شاندی بارزانی چاوی بە سەرکردایەتییەکان کەوت و , پاش ئەوەی لەگەڵ مورتەزا حەدیسی کۆبووەوە و لەگەڵی چوو بۆ بەیرووت بۆ چاوپێکەوتنی میشێل عەفلەق بەپێی قسەی دارا هەموو بە دەنگەوە هاتبوون و ئامادەبوون بۆ ڕێککەوتنێکی ئەوتۆ کەلەسەر بنەمای باوەڕ بنیات نرابێ و , ڕوونی کردەوە کەسی خاوەن کاریگەریی گەورە و دەسەڵات لەناو حزبی بەعسدا لاوێکە ناوی سەدام حوسێن تکریتییە و , ئێستە جێگری ڕازگری سەرکردایەتیی وڵات و جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشە و دوا قسە هی ئەوە , لە ماوەی قسەکردندا سەدام لە پڕ لێی پرسیوە : (چییە واتان لێ دەکات پرسیار لە ئۆتۆنۆمی نەکەن؟).

داراش وەڵامی دەداتەوە : (ئێوە ئامادەن بۆ بیستنی ئەم وشەیە بێ ئەوەی توورەتان بکات).

دارا کە گەڕایەوە پەسنی ئەو پێشوازییەی دەدا کە لە بەعسییەکانیەوە دیبووی , خەبەریشی داینێ کەوا بەم نزیکانە وەفدێکی گەورەی ڕێژیم دێت , هەردوولا ڕێك کەوتن لەسەر ئەوە

كە وەفدەكە لە دوا ڕۆژی ساڵی 1969 دا بێت , بەم جۆرە ئەندامانی وەفد لە ڕۆژی سەری ساڵی نوێدا (1970) بوون بە میوانمان لە ناوپردان.
دیارە شوێنی وامان نەبوو میوانە هاتووەكانی تێدا بحەسێنەوە , ماڵەكانمان زۆر بچووك بوون و لە قوڕ دروست كرابوون و هیچ هۆیەكی هاوچەرخیان تێدا نەبوو , ماڵی شەفیق ئاغا باشترینی ئەو ماڵانە بوو كە هەمانبوون , بۆی چۆل كردن و بەرپرسیی سەرپەرشتیكردنیشیان هەر بە خۆی سپێردرا گەیشتە ڕەواندز و لەوێوە كەوتە ڕێ بۆ بارەگای شۆڕش , ئەندامانی سەركردایەتی لە بەرزێوە لە پێشوازییاندا بوون ئەوانەش بریتی بوون لە ئەندامانی مەكتەبی سیاسی و مەكتەبی تەنفیزی و ئیدریس و من.
ئەو وەفدە نامەیەكیان لە ئەحمەد حەسەن بەكرەوە هێنابوو بۆ بارزانی و بارزانیش وەڵامی نامەكەی نووسییەوە.

**<u>* نامەی سەركۆمار ( وەفدە رەسمییەكە لە 1969/12/31دا هێنابووی ) بۆ بارزانی</u>**

برای بەرێز مەلا مستەفای بارزان
سلاوێكی برایانە , پاش ئەمە , هیوام وایە تۆ و برایانی تر لەتەندروستی و ڕەحەتیی تەواودا بن لەم بارودۆخە گرانەدا كەنەتەوەی عارەب و گەلانی تێكۆشەری ولاتانی رۆژهەلاتی ناوەراستی تێدا دەژین  كە زایۆنیی ستەمكار دەستڕێژی دەكات و ئیمپریالیزمی بێزراوی نێودەولەتی سەرەمرمافی ڕەنجكێشانی گەلەكەمان پێشێل دەكات , دەلێم : لەم بارودۆخەدا دلی ملیۆنان لە رۆلەكانی گەلی عێراقمان و گەلانی تێكۆشەری سەر زەوی داویەتە شەقەی باڵ و چاویان بە هیوایەكی گەورەوە بڕیوەتە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیەی لە نێوانماندایە و , هیوای ئەوەیان بۆ هەیە كە ببێ بە مایەی كۆتایی هاتنی هەموو ئەو ناخۆشییانەی ئەم گەلە تێكۆشەرە مەزنە تووشی بووە , ئێوە , ئەی برا  وەك جەنگاوەرێك كە تالی شەری چەشتووە , بێگومان لە تەنگژەی متمانەدا دەژین تا بەتەواوی لە رووی هەر گفتوگۆیەكی لەم جۆرەدا بكرێنەوە , ئێمەش لای خۆمانەوە , لەبەر هەمان هۆ , لە هەمان تەنگژەدا دەژین , ئەم تەنگژەیەی كە ماوەیەكی

دوورودرێژە بارودۆخی شەری خەڵکان هاری ناوخۆیی و شێوەکاری کۆنەپەرەستی و ئیمپریالیزم دروستی کردووە و گەشەی پێداوە , بەڵام قسە لەبارەی تەنگژەی متمانەوە پێویستە لە چوارچێوەی گەران بە دوای باشترین شێوەی خۆ لێ لادانیدا بخولێتەوە , نەك دەست پێوەگرتنی بۆ رووخاندنی هەر پردێك كە بە نیازی چارەسەری ئاشتیخوازانە و دیموكراسییانەی پرسی كورد دروست دەكرێ , تا عارەب و كورد , وەك دوو میللەتی دۆست و برا لە چوارچێوەی یەك نیشتمان لە ژێر سایەیدا بژین و پێكەوە تێ بكۆشن بۆ ماف و ئاواتە دوورەكانیان بە شان و شكۆ و بە گەشانەوەوە.

لە كۆتاییدا ئاواتە خوازی سەرگرتنی رەنج و تەقەلای ئاشتیخوازانەتانم , خوا هەموومان سەربخات بۆ ئەو شتانەی كە چاكەی گەلی عێراقیان بە عارەب و كورد و , چاكەی گەلانی تری تێكۆشەر و چەوساوەشیان تێدایە.

**براتان**
**ئەحمەد حەسەن بەكر**
**سەركۆماری عێراق**

## وەڵامی بارزانی بۆ نامەكەی سەركۆمار

رێزداری برا , مەهیب روكن ئەحمەد حەسەن بەكر , سەركۆماری موحتەرەمی عێراق

سەلام و رەحمەت و بەرەكەتی خواتان لەسەر بێ و , لە خوا دەپارێینەوە رێ پێشانی هەموو لایەكمان بدات بۆ هەرشتێكی كە خێر و چاكەی گەلەكەمان و نیشتیمانەكەمانی تێدا بێت.

بە زۆرترین شانازی و قەدرزانییەوە نامە برایانە گەورانەكەتم وەرگرت و چەندین كۆبوونەوەمان لەگەڵ رێزداری برایاندا كرد كە لەلایەن ئێوە و لەلایەن حزبی بەعسی عارەبی سۆشیالیست و ئەنجوومەنی بەرێزی سەركردایەتیی شۆرشەوە نێردرابوون.

لە ئەنجامی بەیەکگەیشتنی برایانەماندا پێشکەوتنێکی گەورەمان لە بواری نەهێشتنی تەنگژەی متمانەدا دەستگیر بوو , ئەو تەنگژەی سالآنی رابردوو دروستیان کردووە و , ئێستە ئێمە چاومان بریوەتە گەرانەوەی متمانە و باوەری تەواو بۆ لای هەموومان لە رێگەی ئەو گفتوگۆیانەوە کە خوا یاربێ لەم چەند رۆژە کەمانەی دادێن نوێنەرانی ئێمە لەگەڵ ئێوە و لەگەڵ هاورێ بەرێزەکانتان دەیانکەن و , دڵسۆزانە بە هیوای ئەوەین بگەنە دوایی پێهێنانی شەری برا کوژی و کارکردنی پێکەوەمان بۆ پێشکەوتن و گەشانەوەی نیشتمانە خۆشەویستەکەمان کە لەم چەند ساڵەی دواییدا تووشی چەندین کارەسات و مەینەت بووە و , بۆ بەرەورووبوونەوەی فروفێڵەکانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی.

ئێمە زۆرباش لەو بارودۆخە دژوارە دەگەین کە ولآتەکەمان و نەتەوەی عارەبی برامان پیایدا دەرۆن و لەمەولاش وەك چۆن هەمیشە بووین , هەر هاوبەشی خۆشی و ناخۆشیی یەکتر دەبین.

لە کۆتاییشدا لە خوای گەورە و گران دەپارێینەوە هەموومان سەربخات بۆ کردنی هەرچییەك کە چاکە و پایەبلندیی نیشتمانی تێدا بێ , ئیتر سەلامتان لێ بێ.

**دڵسۆز براتان**

**مستەفا بارزانی**

1970/1/1

بەر لەوەی وەفدەکە بگاتە جێ , رادیۆی بەغدا هەواڵی سپاردنی وەزارەتی دادی بە مامۆستا عەزیز شەریف بلآو کردەوە , عەزیز شەریف خۆی بەوەی نەدەزانی , کە ئێمە هەواڵەکەمان پێ گەیاند شتێکی لە پڕ بوو بۆی و پێ ناخۆش بوونی پێوە دیاری دا.

لێمان پرسی : بۆچی پێت ناخۆشە ؟ وتی : پرسیان بە خۆم نەکردووە , بەلآم بارزانی و هەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی جەختیان لێ کرد کە قبووڵی بکات چونکە بوونی لە وەزارەت لەم سەردەمەدا قازانجی ئێمەی تێدایە.

لەو سەردەمەدا دەزگای ڕاگەیاندنی ڕژێم زەینی خەڵكی ئامادە دەكرد بۆ ئەو شتەی لە ئەنجامی دیدەنی و گفتوگۆكاندا دەهاتەدی , یەكێ لەو شتانە ئەو زنجیرە وتارە بوو كە ڕۆژنامەی (الثورة) ی زمان حاڵی حزبی بەعس بە ناونیشانی (ڕێگە بۆ چارەسەركردنی پرسی كورد كامەیە ؟)بلاوی كردنەوە , عاقڵی و مەنتیق لەو وتارانەدا زۆر بوو و لەگەڵ ئاواتەكانی گەلی كوردیشدا دەگونجان ڕۆژنامەی (خەبات) یش وەڵامی ئەو زنجیرە وتارەی بە چەند وتارێكی لەو چەشنە دایەوە , گەشبینی و نیاز پاكی و بە دەنگەوە چوونیان تێدا دەربڕابوو.

سەرۆكایەتیی وەفدە هاتووەكەی ڕێژیم بە فەریق (حەماد شەهابی) سەرۆكی ئەركانی سوپا سپێردرابوو,ناوبراو لە ئاستێكی وادا نەبوو بۆ ئەو پایەیە دەست بدات , وەك سەرنج درا لە دەربڕینی ئەوەی دەیویست بیڵێت كورتی دەهێنا و زمانی لەگەڵی نەبوو و نەیدەزانی جوان قسە بكا , بۆیە هەندێ لە ئەندامانی وەفدەكە وەك عەبدولخالق و مورتەزا كە گوێیان لەو قسە بازاڕییانە دەبوو ئەو دەیكردن و هیچی بەسەر هیچەوە نەبوو , هەستیان بە شوورەیی دەكرد و نەیاندەتوانی شەرمەزاریی خۆیان بشارنەوە.

گفتوگۆكان زۆر بە ڕاستی و بێ پێچوپەنا دەكران و , وەفدەكەی ئێمەش لەو هۆیانە دوان كە بوون بە مایەی شەڕ بە هەموو ڕوونییەك بۆ وەفدە ڕەسمییەكەیان باس كرد كەوا ئەگەر ئەوان (واتە حكومەت) دەیانەوێ بگەینە ڕێككەوتنێك دەبێ چەك لە هەموو ئەو چڵكاوخۆرانە دامالن كە خراونەتە ژێر چەك بۆ بەربەرەكانێی شۆڕش.

لێرەدا حەماد شەهاب خۆی تێ هەڵقورتاند و پەراوێزێكی بۆ قسەكان كرد هەندێ بیروبۆچوونی ناماقووڵی تێدابوو , ئەگەر كارەكە بە دەستی ئەو بوایە دەرگەی گفتوگۆی دادەخست و هەموو شتێ دەبڕایەوە , بەڵام عەبدولخالق سامەڕایی لە كاتێكی لە باردا ڕەخنەی لێ گرت و دەستی كرد بە قسەكردن و , ئاوی گێڕایەوە بۆ ئاوەڕۆی خۆی , بەشێ لە قسەكانی عەبدولخالق ئەمانە بوون :-

<u>(ئێمە حزبێكی شۆڕشگێڕین و ئێوەش حزبێكی شۆڕشگێڕن , بە ڕاستی ئەمە بارێكی قورسە بەسەر شانی ئێمەوە ئەم چڵكاوخۆرانە هاوپەیمانمان بن , ئەوەی ناپاكی لە میللەتەكەی خۆی</u>

**بكات هيواى هيچ سودێكى لىَ ناكرىَ , ئەو جاشانە ميراتى حكوومەتەكانى پێش ئێمەن و بۆ ئێمەيان جىَ هێشتوون , پێويستە لەسەرمان لێيان ڕزگار بين , تكامان لە ئێوە ئەوەيە يارمەتيمان بدەن تا لە چڵك و چەپەڵيى ئەو چڵكاوخۆرانە ڕزگارمان ببێت , چونكە دەسەڵات بەرپرسە لە هەموو كەسێك و ئێمە پابەندى ئەوەين ژيان و هۆى گوزەران و بۆ هەمووان دابين بكەين و , ئەمە ئەرك و بەرپرسيمانە).**

قسەكانى زۆريان كاركردە بارزانى , بۆيە , وەڵامى دايەوە و گوتى:-

**(دەم خۆش , زۆر جوانت وت , ئێمە لە پابەنديى ئێوە دەگەين و هاوكاريتان لەگەڵدا دەكەين تاوەكو چارەيەك بۆ ئەم گرێيە بدۆزينەوە , بەڵام ئەم ئەنجامەى پێويستە پێى بگەين ئەوەيە دەبىَ چەكى ئەوانە داماڵرىَ و , بەهيچ جۆرىَ بە هاوبەشى پرسەكە دانەنرێن يا وا نەژمێردرێن كە نوێنەرى كەسێكن).**

وەفدەكەش ئەم گفتەى دا , گفتوگۆى زۆر و دووررودرێژ لە بارەى ئۆتۆنۆمى و سروشتى ئۆتۆنۆمى و مەوداى كشانى كرا تا واى لێهات هەر لا يەك باش شارەزاى بارى سەرنجى ئەو لا بوو , وەفدەكە سووربوو لەسەر ئەوەى پێويستە جارێ تەقە وەستاندن بدرێت , ئێمەش , ئەوەندەى پرسەكە پێوەندى بە هێزە نيزامييەكانەوە هەبوو ڕازى بووين و , جەختمان لەسەر ئەوە كرد كە شەڕ لەگەڵ جاشەكان هەر بەردەوام دەبىَ.

لە كاتێكدا وەفدەكە لە ناو پردان بوو برووسكەيەك لە هێزى كاوەوە هات واى دەگەياند كەوا ژمارەيەك لە ئاغاكانى ميراودەلييان چونەتە پاڵ جاشەكان و (........ ), ئێستە خەريكى تێكدەرين لەناوچەكەدا وەك ئەوەى كە ڕێگەى چەند شوێنيان لە پشت قەڵادزەوە بڕيوە سەركردايەتيى شۆڕشيش فەرمانى دەركرد بۆ ئەو هێزانەى نێزيك بوون لەو ناوچەيە كەوا بچنە پاڵ هێزى كاوە و , سەختترين لێدانى كە بتوانن بيسرەوێننە ئەو ئاغايانە , ئەم كارەش لە ڕۆژى سەرى ساڵدا كرا و ناوچەكەيان لىَ خاوێن كرايەوە , سەركردايەتيى شۆڕش بڕيارى دا موڵك و ماڵ و زەويزاريان زەوت بكرىَ و دابەش بكرێن بەسەر جووتيارانى ئەو ناوچەيەدا.

چوونە پاڵ دوژمنانی شۆڕشی ئاغاکانی میراودەلی , نیشانەیەکی گەورەی پرسیار بە دوای خۆیدا دێنێ و سەرچاوەی سەرسامییەکی گشتیی هەموو لایەنەکان بوو بە تایبەتی لەو ڕووەوە کە خراپترین کاتی جاشەکانیان هەڵبژاردبوو کە نیشانەی هەڵوەشانەوە و لێک ترازان کەوتبووە جوولە لەناو ڕیزەکانیاندا و , ڕۆژی دەسەلاتیان گەیشتبووە خۆرئاوا , ئاغایانی میراودەلی لەولاشەوە بە درێژایی تەمەنی شۆڕش سلمینەوە و خۆپارێزییان لە پێوەندییەکانیاندا ڕاگرتبوو و , تا ڕادەیەکی زۆریش لەوەدا سەرکەوتبوون جۆرە بێ لایەنییەك بۆ خۆیان ڕاگرن و ئەم هەڵوێستەشیان ڕێزی لێ دەگیرا کەواتە چی بوو پاڵی پێوەنان ئەم هەڵوێستە بگرن لە کاتێکدا هێزەکانی شۆڕش زرمەیان لە یەك لە پاش یەکی ئەو شوێنانە هەڵدەستاند کە چلکا و خۆرەکان خۆیانیان تێدا حەشار دەدا و ئەوانیش بەربەرکانێیەکی ئەوتۆیان پێ نەدەکرا و , لە کاتێکدا کە هێزەکانی دوژمنانی شۆڕش ڕۆژ بە ڕۆژ کەمیان دەکرد و دادەهێزران ؟ زۆر زەحمەتە مرۆ بتوانێ پاساو دەرێکی عەقڵ بڕیو بۆ هەنگاوێکی وا بدۆزێتەوە , هەرچۆن بێ دابەشکردنی زەویوزاری ئەو ئاغایانە بەسەر جووتیارەکانی ناوچەکەدا دەنگێکی مەزنی لە هەموو لایەکی کوردستان دایەوە و , ئەوە بۆ خۆی بەلگەیەکە بۆ ڕەسەنی و پیرۆزیی نیازەکانی شۆڕش.

وەفدە حکوومەتی و حزبییەکە لە 2ی کانوونی دووەمدا گەڕایەوە , بارزانی و ئەندامانی سەرکردایەتی شۆڕش لە بەڕێکردنیاندا بوون لە ناوچەی بەرزێوە , وەفدەکە هێشتا لە کوردستان بوون داوایان کرد نەقیبی باڵەفڕوان حەمید شەعبان ببینن کە باڵەفڕە مێگ 17کەی لە 12ی کانوونی یەکەمی 1969 دا بە ئاگری دۆشکەی شۆرش لە دۆڵی هیران خرابووە خوارەوە و بە دیل گیرابوو و , برابووە بەر دادگەی تایبەتیی شۆڕش و لەبەر ئەوەی کە لە نیشانەی مەدەنی دابوو و بووبوو بە مایەی کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لە کەسانی بێ گوناه , وەك تاوانباری جەنگ دادوەری کرابوو و دادگە حوکمی مراندنی دابوو , بەلام سەرکردایەتیی بڕیاری دابوو جێبەجێ کردنی بڕیارەکەی دادگە دوا بخرێ , بارزانیش فەرمانی دا بیهێنن , کە هاتن بیبەن ترسی لێ نیشتبوو وای زانیبوو دەیبەن بڕیاری مراندنەکەی بەجێ

بهێنن , بەلاّم کە گەیشتە بەردەمی وەفدەکە وەخت بوو ببووریتەوە و لە هۆشی خـۆی بـچێ , باوەڕی بە چاوی خۆی نەکرد کەچی دەبینێ و نێزیکەی دوو سەعات لەگەڵ وەفدەکەدا مایەوە , پاشان کە ئیشارەتمان بۆ پاسەوانەکان کرد بیبەنەوە بۆ جێی خۆی , بـارزانی بـانگی کـردم و وتی لێی گـەڕێن ئەمـشەو لایـان بمێنێتـەوە و بـەیانی زووش لەگـەڵ خۆیانـدا بیبەنـەوە , ئـەوە لاکردنەوەیەکی قەدر و حورمەت گرتن بـوو لـە وەفدەکـە وەك بـە دڵـی بارزانیـدا هـاتبوو , ئەوانیش شوکری خوایان کرد و سوپاسی بارزانیش , لێرەدا بارزانی بەپەراوێزی ئەم مەسەلەوە وتی : لـەم بۆنەیەدا پرسیارێکی بچووکم هەیـە : چـۆن دڵ و دەروونتـان ڕێگـەی ئـەوەی دان دوکتۆر کازم شوبەر بگرن و بیخەنە زیندان و سەختترین سزای بدەن هەر لەبـەر ئـەوەی کـە پێوەندییەکی پیشەیی سەرپێیی لە نێوان من و ئەودا بووە ! ئـەو قـسەیەی بـارزانی ئاماژەیـەکی ناسك و وردبوو بۆ داوای بەرەڵلاّکردنی دوکتـۆر و بۆنەیـەك بـوو لەگـەڵ فـەرمانی بـارزانی بەبەرەڵلاّکردنی باڵەفڕەوانە دیلەکە , واش بوو , هەر کە وەفدەکە گەڕایەوە دوکتۆر کازمیـان بەرەڵلاّکرد , بەلاّم بەبێ هێزی و تێکشکاوی و دەمار ڕووخاوی لە زیندان هاتـە دەر و , پـتر لە مانگێکی پێ چوو تا لە ئەنجامی ئەو ئازاردانەی کە سزادان کردبوویە لەشی چاك بووەوە.

**وەفدی شۆڕش دەچێ بۆ بەغدا**

**هاتنی سەدام بۆ ناوپردان**

لە 4ی کانوونی دووەمی 1970 دا کۆبوونەوەیەکی هەردوو سەرکردایەتیی حزب و شـۆڕش بەسترا بۆ مەبەستی ئامادەکردنی بەرنامەی گفتوگۆ لەگەڵ دەسەلاّت و بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەو وەفدەی پێشنیازەکانی ئێمەیان بۆ دەبات.

لە 7ی مانگدا وەفدەکە بەرەو پایەتەخت کەوتە ڕێ.

لە ڕۆژی 12ی مانگدا عەقید ڕوکن تاریق تۆفیق فەرماندەی لیوای دوو نامەیەکی بەپەلەی بـۆ ناردین تیایدا باسی کردبوو کەوا سەدام لە ڕەواندزە و ئـارەزووی سـەردانی بـارزانیی هەیـە ,

منيش تەنيا خۆم لە بارەگای بارزانی بووم , ئیدریس لە ماڵ نەبوو چوو بوو بۆ سەردانی شێخ بابۆی مامم کە نەخۆش بوو , بارزانی ناردی بەدوای عەلی عەبدوڵڵا و حەبیب محەمەد کەریم و شەفیق ئاغادا , هەموو پێکەوە چووین بۆ بەرزێوە بۆ پێشوازی کردن لە سەدام و ئەو وەفدەی لەگەڵ بوو.

سەرمان سووڕما , چونکە بێ ئەوەی ئەندامێکی وەفدی سەرکردایەتیی ئێمە لەگەڵ خۆی بهێنێ کە ئەو دەمە لە بەغدا بوو , هاتبوو , لێمان پرسی : ئەمە بۆ وا بوو ؟ سەعدوون غەیدان وەڵامی داینەوە , وتی : ئەوان خەریکی گفتوگۆن لەگەڵ برادەران و هەموویان تەندروستییان باشە و ورەیان بەرزە , پاش شێوکردن گفتوگۆ دەستی پێ کرد.

سەدام گفتوگۆکەی دەست پێ کرد وتی :–

(هاتووم گازاندەی باوکی ئیدریس ( مەبەستی لە بارزانی بوو) ببیستم و , ئەویش هەروا گازاندەی من ببیستێ , من هاتووم ڕێککەوتنێکی لەگەڵ بکەم , نەك تەنیا شەڕ وەستاندن بێ وەك لەگەڵ ئەوانەی پێش ئێمەدا دەکرا).

ئەنجا داوای کرد بە تەنیا لەگەڵ بارزانیدا کۆببێتەوە , داواکەی جێبەجێ کرا و هەردووکیان سێ سەعات بە تەنیا خۆیان پێکەوە مانەوە , پاش ئەوە بارزانی , کەهەندێ لە قسەکانی خۆی و سەدامی دەگێڕایەوە پێی وتین :–

(سەدام داوای لێکردم یارمەتیدەری بم تا شوێنی خۆی لە سەرکردایەتیدا لای خۆیان بە هێز بکات ووتی ئامادەیە پرسی کورد لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی چارەسەر بکات گفتێکیشی لەسەر خۆی کرد بە ماڵ کە چەك لە هەموو چڵکاوخۆرەکان داماڵێت بێ جوێکردنەوەی هیچ تاخمێکیان لە تاخمێکی تریان داواشی لە ئێمە کرد پاش چەك داماڵینی ئەو چڵکاوخۆرانە ئێمە دەستیان بۆ نەبەین و خراپەیان لەگەڵ نەکەین , قسەیەکی تریشی لەگەڵم ئەوەبوو : ئێمە داوای چەکی سووکتان لێ ناکەینەوە و بگرە ئامادەین هی تریشتان بدەینێ , بەڵام چاوەڕوانیی ئەوەتان لێ دەکەین پاش مۆرکردنی ڕێککەوتننامەکە چەکە قورسەکانمان بدەنەوە دەست , گفتیشی دا کە بەشێك لە پێشمەرگە بە ناوی پاسەوانانی سنوور بهێڵرێنەوە).

ئەمانە ئەو هێڵە سەرەكییە پانانە بوون كە ڕێككەوتننامەی 11ی ئاداریان لەسەر بنیات نرا.
ڕۆژی 13ی كانوونی دووەمی 1970 سەدام گەڕایەوە بۆ بەغدا , لە ڕۆژی 18شیدا وەفدەكەی شۆڕش لە بەغدا گەڕایەوە , دەركەوت ئەوان ئاگایان لە هاتنی سەدام بۆ كوردستان نەبوو و پاش گەڕانەوەی بۆ بەغدا پێیان زانیبوو , وتیان : كاتێ سەدام لەگەڵ وەفدی كورد كۆبووەوە نیشانەی ڕەزامەندی و پێخۆشحاڵیی پێوە دیاربوو.
گفتوگۆ گەیشتە قۆناغێكی ڕاستەقینە و پڕ مەترسی , كار ڕاپەڕینی باڵیۆزخانەی یەكەتیی سۆڤیەت (ڤیدۆتۆڤ) بەبایەخ پێدانەوە بە دوای هەواڵی ڕەوتی گفتوگۆكەدا دەگەڕا و , زۆر جار لەگەڵ وەفدی كورد و لەگەڵ وەفدی حكومەتیش بەیەك دەگەیشتن و زۆرجاریش لە نەرمكردنی هەڵوێستەكاندا سەردەكەوت.
وەفدی شۆڕش بەناوی پارتییەوە هەوڵی دا حزبی شیووعیی عێراقیش لە گفتوگۆكاندا هاوبەشی بكات بەڵام ڕژێم هەر بەیەكجاری ئەو داوایەی ڕەت كردەوە , سكرتێری حزب عەزیز محەمەد نامەیەكی بۆ بارزانی نارد تێیدا نووسرابوو : نامانەوێ ڕازی نەبوونی دەسەڵات بەبەشداربوونمان لە گفتوگۆدا ببێت بەهۆی بەرپابوونی گیروگرفتێك لە نێوان ئێوە و ئەواندا , لەسەر ئەوە سوور مەبن , ئێمە دڵنیاین ئێوە دەستبەرداری بەرژەوەندیی گەلی عێراق و گەلی كورد نابن و , ئێوە چاكترین كەسانێكن نوێنەرایەتیی ئێمە بكەن لەو گفتوگۆیانەدا.

## گەشتی بارزانی بۆ تاران

شێخ بابە عەلی شێخ مەحموود لە دەرەوە هات و نامەیەكی گرینگی شای ئێرانی بۆ بارزانی پێ بوو پوختەی نامەكە ئەوە بوو كە حكوومەتی شا ئامادەیە بارزانی داوای هەرچی بكا بۆی بكا و هەر یارمەتییەكی بوێ پێشكێشی بكا بەمەرجێ واز لە مۆركردنی ڕێككەوتننامە لەگەڵ حكوومەتی بەغدادا بهێنێ , هەروەها داواشی لێ كردبوو سەرێك لە تاران بدات.
ئاماژەی بۆ ئەوە كردبوو كە ئەم داوایەی , ڕەزامەندیی وڵاتە یەكگرتووەكانیشی لەسەرە.

ڕۆژی 15ی کانوونی دووەمی 1970 بارزانی و شێخ بابە عەلی کەوتنە ڕێ بۆ تاران , بۆ سبەینێ شای ئێران بە بەخێرهێنانێکی زۆر گەرم و بایەخ پێدانەوە پێشوازی لێ کرد و گفتی زۆری بەناوی حکوومەتی ولاتە یەکگرتووەکانەوە بۆ هەڵڕشت , هەر بەمەرجێ ڕێککەوتننامەیەکی وا مۆر نەکات چونکە ئەم ڕێککەوتننامەیە بەرژەوەندیی سۆڤیەتی تێدایە و دەبێت بە کارایەك بۆ بەهێزکردنی شوێنی حزبی بەعس و , جەختی لەسەر نیازی ڕاستی خۆی کردەوە کە شۆڕش پێویستی بە هەرچی هەبێت بۆی دابین دەکات و هەر جۆرە یارمەتییەکی بوێت پێشکێشی دەکات تەنانەت ئەگەر پێویستیش بێت لە ڕووی کردەوەییەوە بەشداری لە داکۆکی لێ کردنیدا بکات.

بارزانیش وەڵامی دایەوە :-

(ئامانجی یەکەمی پارتی دیموکراتی کوردستان دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانە , جا ئەگەر بەعسی حوکمڕان دان بە ئۆتۆنۆمیی کوردستاندا بنێت و من بێم ئەوەم نەوێت بیدەمە دواوە هەڵوێستم چی دەبێت لە ئاستی پارتی و میللەتی کورد لە عێراق و لە ئاست هەموو نەتەوەی کورددا؟ من ناتوانم ئەم ڕێککەوتننامەیە ئیمزا نەکەم , ئەگەر ئیمزای نەکەم بەوە گەورەترین قازانج بە حزبی بەعسی حوکمڕان دەگەینم و , ئەو لەبەر چاوی ڕای گشتیدا بە داکۆکیکەر لە مافە نەتەوەییەکانی کورد و , ئێمەش وەك خائین و بایەخ نەدەر بەو مافانە دەردەکەوین).

شێخ بابە عەلیش بە باری سەرنجەکەی بارزانی ڕازی بوو و , بۆ ئەوەی پاڵی پێوە بنێت پتر هەڵوێستی وا بگرێت , پێی وت :-

(هەرچیت بۆ میللەتی کورد بە چاك زانی بیکە و گوێ بەخەڵکی تر مەدە , بەڵام بەعس جێگەی متمانە و باوەڕ پێکردن نییە و پێویستە لەسەرت هەموو متمانەی خۆتی تێدا دانەنێیت).

بۆ سبەینێ بارزانی گەڕایەوە بۆ کوردستان.

یەك لە دوای یەك نامە لەلایەن شاوە دەهات بۆ بارزانی بۆ هەمان داوا و , دوا نامەیان نامەیەکی تا ڕادەیەکیش هەڕەشە ئامێز بوو , لە تاران هیوایان بە پیلانەکەی عەبدولغەنی ڕاوی گەورەبوو و وایان بە خەیاڵدا دەهات کەوا سەردەکەوێت.

## **وەفدێکی حکوومەت بە سەرۆکایەتیی حەردان تکریتی**

لە 28ی کانوونی دووەمی 1970 دا وەفدێکی حکوومەت بە سەرۆکایەتیی فەریق حەردان تکریتی هات بۆ ناوپردان , حەردان بایەخێکی تایبەتیی لەلایەن بارزانییەوە پێ درا و بەهۆی ئەو هەڵوێستە مەردانەیەی لەمەسەلەی گواستنەوەی تەرمەکەی شێخ ئەحمەددا هەیبوو , لەلایەن بارزانییەوە بەگەرمی پێشوازی لێ کرا , دەست کرا بە کۆبوونەوەو , بارزانی بۆ خۆشی تێیدا ئامادەبوو , لەکاتی گفتوگۆدا پرسی ئەوەی کەرکوك سەر بە چ لایەکە , پەڕییە ناو گفتوگۆوە , عەبدوڵلا سەلوم بەپەراوێزی ئەم بابەتەوە وتی : کەرکوك کوردستان نییە , کێ دەتوانێ پێچەوانەی ئەم قسەیە ئیسپات بکات ؟ **بارزانی بە توڕەییەوە وەڵامی دایەوە : (من دەڵێم کەرکوك کوردستانە , خۆت لەوە بپارێزە بڵێیت کەرکوك کوردستان نییە , بگرە بڵێ : ئێمە داگیرمان کردووە , تاکە کوردێك لە کەرکوك بمێنێ , کەرکوك کوردستانە , زۆر باش بزانە ئێمە بە هیچ جۆرێ دەستبەرداری کەرکوك نابین).**

بارودۆخەکە شڵەژا , ئاڵۆزی کەوتە ناوەوە , گفتوگۆ نێزیکەی دوو سەعاتێك وەستا , پاشان دەستی پێ کرایەوە و درێژەپێدانی بابەتەکانی گرتەوە و هەردوو وەفدەکە هەموو خاڵەکانیان بەسەر کردەوە و لەسەر زۆرتریان ڕێك کەوت , وەفدەکەی حکوومەت 30ی مانگ گەڕایەوە بۆ بەغدا , بڕیار بوو وەفدی کوردیش دووبارە بڕواتەوە بۆ بەغدا.

ڕۆژی 29ی مانگیش (یڤگینی پریماکۆڤ ) هات بۆ لای بارزانی نامەیەکی لە کرێملینەوە پێ بوو پێوەندیی بە ڕێککەوتن لەگەڵ ڕژێمدا هەبوو و , پاشان لە ڕۆژی 31ی مانگدا لێی دا گەڕایەوە

## چوونەوەی وەفدی کورد بۆ بەغدا

بە گوێرەی ڕێککەوتننامەکە وەفدێکی کورد لە 3ی شوباتی 1970 دا کەوتە ڕێ بۆ بەغدا وەفدەکە لە دوکتۆر مەحموود عوسمان و ئیدریس بارزانی و نووری سدیق شاوەیس و محەمەد مەحموود عەبدوڕەحمان (سامی) و نافیز جەلال و موحسین دزەیی و دارا تۆفیق پێك هاتبوو.

ئەو گەرمی و جۆش و خرۆشە کۆنەی لەبەیەکگەیشتنەکانی پێشوودا ئاسمانی دانیشتنەکانی بەبۆن و بەرامەی خۆشی خۆی پڕ کردبوو , لەم بەیەکگەیشتنەدا نەبوو , وەفدەکەی حکوومەت ساردییەکی دەسەنقەستی دەردەبڕی و هێنان و بردنی لە بیەکگەیشتن دەکرد , وەفدەکەی کوردیش سەرنجی ئەمەی دا و بڕیاری دا لە کوێوە هاتووە بگەڕێتەوە بۆ ئەوێ , لە 8ی مانگدا گەڕایەوە و , چیی وترابوو بۆ بارزانیی گێڕایەوە و , باسی ئەو کەشوهەوایەی بۆ کرد کە بالّی بەسەر بەیەکگەیشتنەکاندا کێشابوو و , پێیان ووت کەوا بە درێژاییی ئەو ڕۆژانەی لەوێ بوون هیچ بەرپرسێکی گەورەی حکوومەتییان نەدی , دیارە ئەمەش هۆیەکی دەربڕینی ناڕەزایی و بێزارییە لە کردەوە گەلە سوپاییەکانی ئەم دواییەی دژی جاشەکان , هەروەها دەنگوباسیش گەیشت کەوا ناکۆکیی توندوتیژ لەناو سەرکردایەتیی حزبی بەعسدا پەیدابووە و , ئەوە بووە هۆی ئەو ساردییەی بەرەوڕووی وەفدەکەی کورد بووەتەوە و , بایەخ بەبوونی ئەو لە بەغدا نەدراوە , هەر چۆن بێ دۆخەکە هەر بەو جۆرە مایەوە بێ گەیشتنە هیچ ڕێککەوتنێك , گفتوگۆش تا ئاخروئۆخری شوباتی 1970 هەر وەستا بوو , وا دیاربوو وەك بلّێی نوێکردنەوەی شەڕ نێزیکە و هاکا زانیت هەلّگیرسایەوە.

## ڕێککەوتنە مێژووییەکەی 11ی ئادار

پاش گەڕانەوەی وەفدەکەمان بە نائومێدی , هەمووان لەو باوەڕەدابوون وتووێژ بەتەواوی ڕووخاوە تا مانگی شوباتیش دوایی هات هیچ تیشکێکی هیوا لە ئاسۆوە دیار نەبوو , نەکەسێك لەلای ئەوانەوە هات و نەلەلای ئێمەشەوە کەسێك نێردرا , لەلایەکی تریشەوە خۆ

ئامادەکردنی سوپایی هەمیشە هەر بەردەوام بوو , پاشان پێك هەڵپـژانێکی بـچووك ڕووی دا , تا 2ی ئاداری 1970 دۆخەکـە هـەر بـەم جـۆرە بـوو , لـەو ڕۆژەدا خالیـد عەبدولحـەلیمی پارێزگاری هەولێر و بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگا حوسـێن شـێروانی و بەڕێوەبـەری ئاسایـشی پارێزگا عەبدولجەبار دلێمی هاتن , ئێمـە پێوەندییـەکی پتـەومان , وەك پێـشتریش باسـم کـرد لـەگەڵ ئەمەی دواییان هەبوو , مۆرسێکی تایبەتیشمان لە نێواندا هەبوو , زانیاریی بەکـەڵکمان بۆ تێسرەواندنێکی سەرکەوتووی چڵکاوخۆرەکان و هێزەکانی حکوومەت بەو مۆرسە لـەوێوە بـۆ دەهـات , نـاوی خواسـتەنیی ئـەو لای ئێمـە (ثـائر) بـوو مەبەسـتم بـوو بـەر لـەوەی کۆبوونەوەیەکی ڕەسمی لەگەڵ پارێزگار دەست پێ بکات , بەتـەنیا لـەگـەڵ ئـەودا کۆببمـەوە , لێم پرسی : ڕژێم چیی لە ژێر سەردایە و نیازی چییە ؟
وەڵامی دایەوە :
(پرسەکە گیروگرفتی زۆری تێ کەوتووە , پارێزگار بۆ ئەوە هاتووە دوا ڕای بـارزانی بزانـێ : ئاخۆ هەر لەسەر گفتەکەی خۆیەتی و ئامادەیە بۆ مۆرکردنی ڕێککەوتنەکە , یـا لێـی لا داوە ؟ ئەگەر هێشتا هەر سوور بێ لەسەر ڕێککەوتن , ئەوا وەفدێکی حکوومـەتی ئامادەیـە بێـت بـۆ ئەوەی دەست پێدا هێنانی دوا جار بخەنە سەر ڕێککەوتننامەکە).
بەپەلە ئەم قسانەیم نووسییەوە و ناردم بۆ باوکم , خالید عەبدولحـەلیم کۆبوونەوەکـەمانی بـەم قسانە دەست پێ کرد : بەفەرمانی سەرکۆمار و جێگری سەرۆکی ئەنجوومـەنی سـەرکردایەتیی شۆڕش هـاتووم جـەختتان لەسـەر ئـەوە بـۆ بکەمـەوە کـە سـەرکردایەتیی حـزب و حکوومەت بە ڕاستیانە و بڕیاریان داوە پرسی کورد لە ڕێگەی ئاشتییەوە چارەسەر بکەن , لەو چەند هەفتەی ڕابردووەدا پرسەکە گەیـشتبووە ڕێگەیـەکی داخـراوە و , چـی هـەوڵ و تەقـەلا درابوو هیچی سەرنەکەوتبوو , هـاتووم بـۆ ئـەوەی ڕێـك بکـەوین لەسـەر دەسـتپێکردنەوەی گفتوگۆ و لە کوێ پچڕاوە لەوێوە تێ هەڵـچینەوە ,وەڵامـی بـارزانیش ئـەوەبوو : ئێمـە هـەر لەسەر ڕاکەی پێشوومانین , لەوەمان لا نەداوە کە پێویستە بگەینە چارەسەرێکی بەئاشتی.

پارێزگار ئەم ئەنجامەی هەڵگرت و لەگەڵ خۆیدا بردی و ڕۆیی , لە 7ی هەمان مانگدا پارێزگار خالید عەبدولحەلیم نامەیەکی بۆ بارزانی نارد خەبەری تێدا دابوویێ کەوا قسەکانی ئەوی گەیاندووە بەسەرکردایەتیی لە بەغدا و سەرکردایەتیی پێی خۆش بووە , بڕیار دراوە ڕۆژی 9ی مانگ وەفدێکی گەورە بەسەرکردایەتیی سەدام بێت بۆ کوردستان ئەگەر بێو ئەم بڕیارە لای ئێمە قبوولْ بێت دیارە وەڵامی ئێمەش بەڵێ بوو.

**دەقی نامەکەی پارێزگار**

هەولێر 1970/3/7

**سیادەتی برای خاوەن فەزل مەلا مستەفا بارزانیی ڕێزدار**

**سلاو و سۆزم**

هیوام وایە تۆش و برایانیش هەموو چاك و تەندروست و سەرکەوتوو بن مادەم بۆ چاکەی گەلی کورد تێ دەکۆشن کە ئارەزوومەندی ئاشتی و هێمنییە و یەکیەتیی خاکی گەلی عێراقتان دەوێ.

**برای خاوەن فەزلم**

هەموو هەستی بەخشندانەتانم گەیاندە ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆرش , ئەو ئەنجوومەنەی باوەری بە پێویستی دوایی پێهێنانی شەری برا کوژی هەیە بە جۆرێ کە هیواکانی گەلی کورد بهێنێتە دی و یەکتیی عێراق و پێشکەوتنی بپارێزێ , هەفتەی دادێ وەفدێك لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆرشەوە سەرتان لێ دەدا بۆ دوایی پێهێنانی دوا قۆناغی پرسەکە و مژدەی خێری پێیە , بەرێز سەدام حوسێن حەز دەکا , ئەگەر تەندروستیی رێی بدا , لە چوارچێوەی وەفدەکەدا بێت.

لە کۆتاییدا,لە ناخی دلمەوە داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەم و بە پێویستی سەرشانی دەزانم سوپاسی ئەو پێشوازی و مێوانداریيەتان بکەم.

سەلام و رەحمەت و بەرەکەتی خواتان لێ بێ.

**دڵسۆزتان**

**خالید عەبدولحەلیم**

1970/3/7

**وەڵامی بارزانی بۆ نامەکەی پارێزگار**

سیادەتی برای خاوەن فەزل خالید عەبدولحەلیمی رێزدار.

سلاَوێکی برایانەی بێگەرد

هیوای تەندروستیی تەواو و سەرکەوتنتان بۆ دەکەم لەو هەوڵە خێردارەتان کە لە پێناوی چاکەی گەلی عێراقدا , بە هەموو نەتەوەکانیەوە , دەیدەن.

برای ئازیز.

نامە بەخشندانەکەی 1970/3/7 تانم وەرگرت و لەوەی تێیدا نووسرابوو ئاگادار بووم , دەمەوێ بۆتانی روون بکەمەوە کەوا ئێمە ئەوپەری ئامادەییمان هەیە بۆ ئەوەی لەگەڵ هەموو برایانی دڵسۆزدا بەشداری بکەین بۆ گێرانەوەی ئارامی و ئاشتی بۆ نیشتمانی خۆشەویستمان و , دوایی پێهێنانی گیروگرفتەکە بەو شێوەیەی کە چاکە بۆ گەلی عێراقمان بە عارەب و کوردیەوە دابین بکات زۆریشمان پێ خۆشە برایانمان لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆرش بێن بۆ لامان و , پێخۆشحاڵیمان زیاتر دەبێ بەوەی کە برای بەخشندەمان سەدام حوسێن تەشریف بهێنێ بۆ لامان و , ئێمە چاوەروانیانین.

لە کۆتاییدا تکام ئەوەیە سەلامی بێگەرد و قەدرزانیمان لەهەولو تەقەللای خێرخوازانەتان قبووڵ بفەرموون , سەلام و رەحمەت و بەرەکەتی خواتان لێ بێ.

**براتان : مستەفا بارزانی**

1970/3/7

لە رۆژی دیاریکراودا سەدام حوسێن لەگەڵ وەفدێك کە لەگەڵی هاتبوو گەیشتە رەواندز و , وەفدێکی پارتی دیموکراتی کوردستان چوو بۆ رەواندز بۆ پێشوازی لێ کردنی.

**لە ڕەواندز عەزیز شەریف چپاندی بە گوێمدا , وتی : (ئەم جارە هەموو شتێ دەبڕێتەوە).**

کە لە ڕەواندزەوە دەڕۆیشتین بۆ ناوپردان , من و سەدام حوسێن لەیەك ئۆتۆمۆبێلدا بووین , بە درێژایی ئەو ڕێگەیە هەرچی قسەمان کرد هیچی لە سنووری کاروباری شەخسی دەرنەچوو : تەمەنت چەندە ؟ حەزت لە چ جۆرە وەرزشێکە ؟ پاش ئەو قسانە پێی وتم : خوا یاربێ ئەمجارە هەموو شتێ دەبڕێنینەوە , هەرچی گیروگرفتی چار نەکراو هەیە هەمووی چارەسەر دەکەین.

**پاش فراوین کردن گفتوگۆ لە نێوان هەردوولادا دەستی پێ کرد و تا سەعات 12ی شەو درێژەی کێشا , ڕۆژی دوایی گفتوگۆ لەسەعات 9ی سبەینێوە دەستی پێکردەوە و تا سەعات 2ی پاش نیوە شەوی خایاند , سەرەنجام داڕشتنی مادەکانی ڕێککەوتنەکە لەشەوی 10-11ی ئاداری 1970 تەواو بوو و , سەعات 11 و نیوی شەو بارزانی و سەدام هەردووکیان ئیمزای خۆیانیان لەسەر دانا.**

من ئێستە کە لەبارەی ئەم ڕووداوە مەزنەوە لە مێژووی گەلی کورددا دەنووسم , ناتوانم ئەو ئازایەتی و ڕاستییە پشتگوێ بخەم کە سەدام حوسێن لەم بوارەدا دەری بڕی , هەروا ناشتوانم ڕۆلی ناوەندیی ئەو لە بەرەی حکومەتەوە پشتگوێ بخەم لە هێنانە کایەی ئەم ڕێککەوتنەدا.

بۆ یەکەمین جار لە مێژووی میللەتی کورددا دەولەتێکی خاوەن سەروەری , بەهۆی بەلگەنامەیەکی یاساییەوە , دانی بە مافە سیاسییەکانی گەلی کورد دانا و , ئەو بەلگەیە هەتا هەتایە دەمێنێتەوە نە دەشاردرێتەوە و نە دەخرێتە پشتگوێ , کەس ناتوانێ بەهای ئەو بڕیارە کەم کاتەوە کە لەو بەلگەنامەیەدایە , ڕێککەوتنی 11ی ئاداری 1970 چارەسەرێکی پێشکەوتووانە و دادپەروەرانەی گیروگرفتی کورد و , سەرکەوتنێکی گەورەی تێکڕای گەلی عێراق و بەتایبەتی گەلی کورد و بەمراد گەیشتنێکی مەزنی شۆڕش و پارتی بوو , هیچ لاری و هیچ کورتهێنانێکی تیادا نەبوو , بەلام لە کاتی جێبەجێکردنیدا کۆسپەی هاتە ڕێ پێویستە لێرە دان بەوەدا بنێم کە بەرپرسیارەتی لە کۆسپ و هاتنەرێی ئەم ڕێککەوتنەدا دەکەوێتە سەر

**هەردوولا , ئێمەش و لایەنی حکوومەتیش , بەلام نەك نیوە بە نیوە , بەشی لایەنی حکوومەت لە پشت هەڵکردن لە ڕێککەوتنەکە زۆر لەبەشی ئێمە گەورەتر بوو.**

ئەو خاڵەی لە هەرچی زیاتر سەرنجی ڕاکێشام ئەوەبوو پاش ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەکە عەمید ڕوکن محەمەد عەلی سەعید دەستبەجێ داوای کرد لەگەڵ لیژنەی سوپایی شۆڕش کۆببێتەوە , لەیادمە لەگەڵ نافیز جەلال و محەمەد مەحموود عەبدوڕەحمان (سامی) و یووسف میران و من کۆبووەوە , ئەم ئەفسەرە چەندین نەخشەی لە جانتاکەی دەرهێنا و بلاوی کردنەوە و وتی : پێویستە لەسەرمان بەر لە هەرچی , لیژنەیەکی تێکەڵ لە هەردوولامان پێکەوە بنێین بەمەبەستی هەڵگرتنەوەی ئەو مینانەی لە زەویدا نێژراون , ئێمەش وەلامان دایەوە کەوا ئێمە لە مین ناشتندا شێوەیەکی ڕێکوپێکمان نەگرتووەتەبەر و شوێنی زۆریان بە ڕێکوپێکی نازانین , لەوانەیە بتوانین چەند شوێنێکی کەم دەستنیشان بکەین , بەلام ناتوانین شوێنی هەموویان دەستنیشان بکەین , ئەویش بە دیالێکتی گەلێری وتی : (یا أخی لعد شسوینا ؟ واتە : کاکی خۆم , ئەی ئێمە چیمان کرد ؟ ) نافیز جەلالیش وەلامی دایەوە : ئەوەتا هێشتا مەرەکەبی ڕێککەوتننامەکە وشك نەبووەتەوە , تۆش دەڵێی : هیچمان نەکردووە ؟

پاش ئەوە لیژنەیەکی تێکەڵ بۆ ئەو مەبەستە پێك هێنرا , لەم ڕووبەڕووبوونەوەیەدا تێ گەیشتم مینەکانمان چەند کاریگەر بوون بەسەریانەوە.

بڕیار درا وەفدە حکوومەتییەکە لەگەڵ وەفدی کورددا سەعات شەشی سبەینێی 11ی ئادار بچنە سپیلك , لەوێوە هیلیکۆپتەر ئامادە دەبێ هەڵیان بگرێ و بیانبا بۆ بەغدا , سەدام و ئەو شاندەی لەگەڵی بوون زۆر جەختیان لەسەر بارزانی کرد من و ئیدریسیش لەگەڵ شاندەکەدا بنێرێ بۆ بەغدا تا لەو ئاهەنگانەدا بەشدار بین کە بە بۆنەی ڕێککەوتنەکەوە دەکرێن , بارزانیش بە ناچاری ڕەزامەندیی پێشان دا چونکە حەزی نەدەکرد بڕۆین , ئیتر ئێمەش کەوتینە پاڵ وەفدەکە.

**بارزانی , بۆ مالاوایی و بەڕێ کردن , تا بەرزێوە لەگەڵ وەفدەکەدا هات پاشان لەگەڵ من و ئیدریس وەلاکەوت و پێی وتین : ئاگاتان لە خۆتان بێ و وریا بن , لە خۆتان بایی نەبن و , بێ**

**فیزی پێشان بدەن و زیرەك بن و لەگەڵ هەموو کەس ڕووخۆش و قسەخۆش بن بێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەوەی ئەو کەسانە لە چ پایە و پلەیەکدا.**

من و ئیدریس سواری یەکێك لە پێنج باڵە فڕەکە بووین , بەلاّم یەکێك لە ئەفسەرەکان هات بەلامانەوە و وتی : سەدام حەز دەکا هەردووکتان لەباڵەفڕەکەی ئەودا بن , واتە : من و ئیدریس ئێمەش گواستمانەوە بۆ باڵەفڕەکەی ئەو فوئاد عارفیشمان لەگەڵ بوو.

باڵەفڕەکەمان لە کەرکوك نیشتەوە , لە کەرکوکیشەوە سواری باڵەفڕەیەکی ئەنتۆنۆڤ بووین و لە باڵەفڕگەی (المثنی) نیشتەوە , پێشوازییەکی گەرم بۆ گەڕاوەکان ئامادەکرابوو , هەموو سەرکردایەتیی حزبی بەعس و ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش و ئەندامانی حکوومەت تێیدا بەشداربوون , ئەندامانی وەفدی کورد لە ئوتێل بەغدا دابەزین.

سەعات هەشتی ئێوارەی هەمان ڕۆژ (11ی ئادار) سەرکۆمار دەقی ڕێککەوتننامەکەی لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆی بەغدا خوێندەوە , هەروا سەرۆکی وەفدی کوردیش دوکتۆر مەحموود عوسمان برووسکەی بارزانیی خوێندەوە , هەر ئەوەندە کە ئەم دوو بابەتە لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن خوێنرانەوە شەپۆلێکی شادمانی بەسەر خەڵکی بەغدادا هات ئەوسەری دیارنەبێت , خەڵکەکە گەورە و بچووك عارەب و کورد ناو شەقامەکانی بەغدایان پڕکرد , جڵەویان بۆ سۆزی دەروونی خۆیان بەرەڵلا کرد دەستیان کرد بە هوتاف کێشان و بەستە و گۆرانی ووتن و هەڵپەڕکێ و شایی , بە درێژایی شەو و تا کازیوەی بەیان هەر خەریك بوون و نەبڕایەوە.

ئەو ڕۆژە , بەڕاستی , جەژنێکی بێگەردی عێراقی بوو , پایەتەختی عێراق یەکەمین شنەی شەماڵی ئازادیی هەڵمژی کە دەمێ ساڵ بوو لێی بێبەش بوو.

ڕێککەوتنی 11ی ئادار بەری خەباتێکی سەرسەختانە و بەردەوام بوو , بەڵگەی ئەوەبوو خوێنی ئەو شەهیدە بەقوربانی بووانەی شۆڕش پێشکێشی کردن بە فیڕۆ نە ڕۆیشتووە , گومانیشی تێدا نییە بەشی زۆری ئەم سەرکەوتنە مێژووییە بۆ خۆڕاگریی پێشمەرگە و خەباتی گەلی کورد و قوربانیدانە زلەکانی دەگەڕایەوە.

**لە گۆڕەپانی ئازادیدا ( ساحە التحریر )**

سبەینێی 12ی ئادار جەماوەری گەل , بە عارەب و کورد و مەسیحی و تورکمان و هیی ترەوە بەکۆمەڵانی یەکگرتوو , ڕژانە گۆڕەپانی ئازادییەوە , جەماوەر , بەتایبەتی ئەوەی کورد بوو حاڵەتێکی هستیریایی دای گرتبوون , هەموو سەرکردایەتییەکانی حزبی بەعس و حکوومەت هاتبوونە گۆڕەپانی ئازادی , ئێمەشیان لەگەڵ بووین , سەرکۆماریش هات , سەرکۆمار وتەیەکی بەسەر ئەو جەماوەرە خڕبووەوەدا خوێندەوە و پاشان دوکتۆر مەحموودیش وتەی سەرۆك بارزانیی خوێندەوە.

ئێمەش کە لە ئوتێل هاتبووینە دەرەوە بۆ گۆڕەپانی ئازادی دەچووین , خەڵکەکە دابارین بەسەرماندا هەرکەسە بە هەر جۆرێ بوو ئێمەیان ناسی , دەستیان کرد بە گوڵ باران و شیرینی بارانی ئۆتۆمۆبێلەکانمان , دەیانویست لە ئۆتۆمۆبێلەکان بمانهێننە دەرەوە و لەسەر شان هەڵمان بگرن بۆ گۆڕەپانی ئازادی , بە هەزار مەینەت و نا ڕەحەتی نەبێ نەمانتوانی خۆمان لە دەستیان ڕزگار بکەین.

لەو کاتەدا کە سەرکۆمار وتەکەی دەدا , لاوێك لەناو ئەو خەڵکەی ڕاوەستابوون قسەکەی پێ بڕی و وتی : ئەبوو هەیسەم من لە هیچ حزبێك نیم , بەناوی لاوانەوە قسە دەکەم , دەڵێم:(ئێمە ئامادەین لەژێر فەرمانی تۆدا کار بکەین بۆ جێبەجێکردنی بەیانی 11ی ئادار).

ڕۆژێکی بە ڕاستی بەختەوەر بوو , لەو ڕۆژەدا نرخی ڕاستەقینەی برایەتیی عارەب و کورد دەرکەوت و , وەك ئەستێرەی درەوشاوە بە ئاسمانی عێراقەوە تیشکی دەدایەوە , گەلی عێراق هەمووی , وا دەهاتە پێش چاو کە مێردەزمەیەکی بەسەر سنگەوە بووبێ و لەسەری لاچووبێ , ئەوە کۆتای شەڕێکی وێرانکەری ناوخۆیی بوو کە نۆ ساڵی ڕەبەقی خایاندبوو , توان و وزەی زۆری تێدا بە فیڕۆ درابوو و , گیانگەلێکی فرەی بێ هیچ پێویستییەك تێدا لە کیس چووبوو.

## وەفدی کورد لە مێوانداریێتی سەرکۆماردا

عەسری ئەو ڕۆژە ئامادەی بانگهێشتنی شێوکردنەوەیەك بووین لە کۆشکی کۆماری لەلایەن سەرکۆمارەوە , پێش ئەوەی بچینە هۆڵی شێوکردنەوە , بردینیان بۆ ژووری سەرکۆمار , سەدام لەو ژوورە بوو , سەرکۆمار بەخێرهاتنێکی گەرمی کردین و بە بارزانی و گەلی کوردیدا هەڵگوت ئیدریس دیارییەکی باوکمانی پێشکێش کرد کە خەنجەرێك بوو , ئیدریس کە خەنجەرەکەی پێشکێشی سەرکۆمار کرد وتی : خەنجەر لای گەلی کورد نیشانەیەکی پیرۆزە , پێشکێشکردنی ئەم خەنجەرە بە تۆ ئەوە دەگەیەنێ کە چەکی پێشمەرگە لەمڕۆ بە دواوە تەرخان دەبێ بۆ داکۆکیکردن لەسەرجەمی گەلی عێراق , **فرمێسك زایە چاوەکانی سەرکۆمار و ئەویش لە وەڵامدا وتی :(ئەم ڕۆژە لە بەختیارترین ڕۆژەکانی ژیانی منە) , ئەنجا وتی :( سێ کوڕم هەن و محەمەد ئازیزترینیانە لام ئەمەش (ئیشارەتی کرد بۆ سەدام) خزمە , دەزانێ چەندە دڵم بەو کوڕەمەوە بەندە , من پێشکێشی دەکەم بە بارزانی).**

پاشان لەگەڵ سەرکۆماردا گواستمانەوە بۆ هۆڵی پێشوازی , ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش و ئەندامانی حکوومەت و سەرکردە گەورەکانی سوپا و چەندین کەسایەتیی ڕۆشنبیر و هونەرمەند و سیاسیی و وەك عەزیز محەمەد سکرتێری حزبی شیووعی و ئەدیبانی وەك محەمەد مەهدی جەواهیری و زۆری تر , لە ناو بانگکراوەکاندا بوون , لەو شتانەی لە یادمن ئەوەیە بەکر بەلای جەواهیریی شاعیردا تێ پەڕی , دەستی بۆ درێژ کرد و تەوقەی لەگەڵ کرد و پێی وت : (ئەبوو فورات ئەمڕۆ ڕۆژی تۆیە و , دەمانەوێ جوانی بڵێیت) جەواهیریش وەڵامی دایەوە , وتی : (خوا مەیلی لێ بێت , دەبینیت).

جەواهیری نامەیەکیشی دامێ بۆ بارزانی.

***دەقی نامەکەی محەمەد مەهدی جەواهیری بۆ بارزانی :-**

گەورەی خەباتکار سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان مەلا مستەفا بارزانیی پر شان و شکۆ.

سلاوی بێگەردی خۆمت پێشکێش ئەکەم و پیرۆزباییی لە ناخی دڵەوە لەم ڕۆژە مێژووییەدا , ڕۆژی چارەسەرکردنی پرسی کورد کە بوو بە تاجی سەری خۆراگریتان لە پێناوی هێنانەدیی ئاواتەکانی گەلی مەزنی کورد و لە ڕێگەی بەرجەستەکردنی مرازە پیرۆزەکانیدا بەبەسەر چوونی چەندین سەدە لە خەباتی سەخت و ژانی قورس و قوربانیدانی فرە بە هەرچی کە گەلێکی ڕیشەداکوتاوی خاوەنی مێژوویەکی پڕ لە قارەمانی و لێشاو کردوو لە ئازایەتی , هەیبێ.

ئەی گەورەی خەباتکار و , سەرکردەی ئەزموونديتە تۆ لە ئیمان و باوەڕتدا بەبەدادیی مەسەلەکەت لە خۆ بۆ ئامادەکردنیدا , لەسووربوون لەسەریدا , لە دانانی ئەم سوورییەتدا لە ئاسمانی سوراوی شەونخوونی کێشان و , تیژکردنیدا لەسەر سەنگی مەحەکی قوربانی بۆ داندا و لە گێژاوی مەینەتی بوردەباریی تاڵدا , لە لووتکەی شەوکەتی لێکردنەوەی میوەی شیرینی سەبرکردندا , تۆ لە هەموو ئەمانەدا بەڕاستی لە ناو سەرکردە تاقانەکاندا تاقانەی.

مێژوو , ئەی گەورەی پێشەوا , هەمیشە , بەرەوانبێژترین زمان و , بە ڕاستترین دەربڕین و , بەو هێزەی لێیەوە دەگێڕدرێتەوە و , نە ماستاو سارکردنەوە و نە ساختەکاری دەزانێت , ئەم مێژووە تابێنێت , بە درێژاییی مێژوو و پێوەندی بە مەسەلەکانی گەلانی خۆراگرتووەوە , بە شان و شکۆ و قارەمانەتییەکانی ئەو گەلانەوە و , پاشانیش بە چارەنووسیانەوە و , بەسەرکەوتنیانەوە بۆ چڵە پۆپەکانی بەرزی و پشت ئەستووری , هەر لە تۆ دەدوێت و قسەت لێوە دەکات.

ئەمانە , ئەی بەڕاستی پێشەوا ! چەند دێڕێکن لە چەند وشەیەکدا , ئەو دێڕانە لە ڕاستیدا , چەند پشتێکی پەستێنراون پێویستیان بە پتر لە کتێبێك هەیە بۆ لێکدانەوەیان و بۆ درێژە پێدان لە بارەی ناواخنەکەیانەوە.

تۆ بۆ خۆت , بە بلیمەتییە تاقانەکەت , بەدرەوشاوەییە پڕ تیشکەکەت , باشترین کەسێکی بزانیت ئەو دێڕانە بەسەر چیدا دادراونەتەوە و چییان لە دوو توێدایە , چ ناواخنێکیان هەیە و , چ واتایەك دەیگەیەنن.

خوا بەردەوامت بکات وەك هێمایەکی گەشاوە کە بەرپێی ئەوانە روون بکاتەوە بـەرەو ئـازادی کەوتوونەتە رێ و , رێگەی خەبات و خۆراگری و سەرکەوتنیان گرتۆتە بەر.
دەسا , گەورەیی بفەرموو , جارەها و بارەها هەستی هاتووە کوڵ و , سۆزی لێشاوو کردوو و پیرۆزباییی قوڵ و , خۆشەویستی قوولّم لێ قبووڵ بفەرموو , گەورەم !

**دڵسۆزت**

**محەمەد مەهدی جەواهیری**

هەروەها چەندین نامە و برووسکەی پیرۆزبایی بەسەر وەفدی کـورددا دابـاری کـە یـەکێکیان برووسکەی پێشەوای سۆڤیەت بریجنێف بـوو ژمارەیـەکی زۆر لـە بـاڵیۆزە باوەڕپێکراوەکـانی دەوڵەتانیش لە بەغدا بەم بۆنەیەوە سەریان لە وەفدی کورد دا.

## *نامەکەی بریجنێڤ کە باڵیۆزخانەی سۆڤیەت لە بەغدا لە ناوەراستی ئاداری 1970 دا داویەتە دەستی وەفدی کورد.

ئەی دۆستی ئازیز مستەفا بارزانی !
بەپێخۆشبوونێکی قوڵەوە زانیمان رێککەوتننامەیەك لەسـەر چارەسـەرکردنی پرسـی کـورد بـە ئاشتی مۆرکراوە , بێگەردترین پیرۆزباییتان بەبۆنەی ئەم دەسکەوتە گرنگەوە پێشکێش دەکەین کە رادەیەك بۆ شەری درێژ خایەنی برا کوژی دادەنێ و , دەکێشێتەوە بۆ پتەوکردنی یەکـەتیی نیشتمانی و دۆستایەتی لە نێوان نەتەوەکانی عێراقدا , ئێمـە باوەرمـان وایـە کـە دامەزرانـدنی ئاشتی و دڵنیایی لە عێراقـدا دەرفـەت بـۆ کـورد پەیـدا دەکـات خۆشـیی مافـە دیموکراسـییە نیشتمانییەکانی خۆی لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا بچێژێ و , ئاسۆی لەبار بۆ کـارکردنی ماڵ ئاوەدانکـەرەوەی بـە ئاشـتی و خۆشـگوزەرانی لـە رووی کـورد و عارەبـدا دەکاتـەوە , بێگومان رێککەوتن لەسەر چارەسـەرکردنی گیروگرفتـی کـورد کوتـەکێکی پـشت شـکێن

دەسرەوێنێتە ئیمپریالیزم و کۆنە پەرستی کە لەهەوڵی ئەوەدان کەلەبەرێك لەنێوان هەردوو گەلی برادا بکەنەوە , ئێمە هیوای خۆمان دەردەبرین کەوا ئێوە لە کاتێکدا گیانێکی نیشتمان پەروەرانەی هۆشیارانەی لەبەرپرسیی نیشتمانی گەیشتووتان لەکاتی گفتوگۆکاندا لەگەڵ حکوومەتدا دەربری , بێگومان لە دوا رۆژیشدا یارمەتیی فرەوانکردنی بواری هاوکاری لە نێوان گشت هێزە دیموکراسییەکانی دوژمنی ئیمپریالیزم لە کۆماری عێراقدا بەرێگەی سەربەخۆیی نیشتمانی و دیموکراسی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا.

**سکرتێری گشتیی کۆمیتەی ناوەندی**
**حزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی**

لە ناو ئەو باڵیۆزانەدا , بەشێوەیەکی تایبەتی باسی باڵیۆزی کۆماری عارەبیی میسر دەکەم , لەو سەردەمەدا پێوەندیی نێوان عێراق و میسر گەیشتبووە ڕادەی گیروگرفت و لەیەك دابڕان و عەبدوناسر نامەی پشتگیری یا پیرۆزباییی بەبۆنەی ئەم ڕێککەوتنەوە نەنارد , دوکتۆر مەحموود عوسمان بەناوی وەفدەکەمانەوە داوای لە باڵیۆزی میسر کرد تکای ئێمە بگەیەنێتە سەرۆکی میسر کە برووسکەیەکی پشتگیری بۆ دەسەلاَت بە دەستانی عێراق بنێرێت , باڵیۆزیش تکاکەی ئێمەی گەیاند , سەرۆکی میسر لە ئاستی ئەو خۆش و گومانییەدا بوو کە ئێمە پێمان هەبوو , باڵیۆز بە شادمانییەوە هاتەوە بۆ لامان برووسکە و پشتگیری و پیرۆزباییەکەی پێ بوو بە شێوەزاری ڕەسەنی میسری وتی : (واللە هذا علشان خاطركم) , واتە : (بەخوا ئەمە لە بەر خاتری ئێوە بوو).
سەرکۆمار لایەکی کردەوە بەلای سالّح مەهدی عەماشدا و پێی وت : (پێویستە ئێوە و ئەندامانی وەفدەکە بلاَوبنەوە و بەرنامەیەك ئامادە بکرێ بۆ سەرلێدانی چەند شارێکی تریش لە شارەکانی عێراق , بەو پێیە بڕیاردرا ئیدریس بارزانی و نافیز و من و محەمەد مەحموود (سامی)

بەشی ساڵح مەهدی عەماش بین و بڕۆین بۆسەر لێدانی شاری بەسرە , ڕۆژی 13ی ئاداری 1970 ڕۆژی سەرلێدانی بەسرەمان بوو , کە چووین سەیر دەکەین جەماوەری ئەم شارە هاتوون بۆ پێشوازی کردنمان پێشوازییەکی یەکجار گەرم و گوڕ و بە جۆش و کەم وێنە بوو , پاشان بەباڵەفڕەیەکی هیلیۆکۆپتەر لە بەسرەوە چووین بۆ ڕومێلە بۆ سەرلێدانی چاڵە نەوتە تازە دۆزراوەکانی ئەوێ , بەڵام باڵەفڕەکە ڕێی هەڵە کرد و چووینە خاکی کوێتەوە , پاشان بە مەینەت گەیشتینە سەفوان , عەماش ویستی لە باڵەفڕوانەکە بپرسێتەوە کە بۆچی وای کرد , بەڵام ئێمە بووین بە تکاکار و نەمانهێشت.

ئەوانی تریش دابەش بوون و چوون بۆ شارانی تر.

بەکرو سەدام و ئەوانی تر لە سەرکردایەتیی حزب و دەوڵەتدا جەختیان لەسەر ئەوە دەکرد کە ئیدریس ببێ بە جێگری سەرکۆمار , بەڵام باوکم قایل نەبوو هیچ یەکێك لە کوڕەکانی پلەیەك لە دەوڵەتدا وەربگرن , بۆیە حەبیب محەمەد کەریمی پاڵاوت , بەڵام حکوومەت ئەوی نەویست بەبیانووی ئەوەوە کە حەبیب بە بنەچە ئێرانییە , ئەم پلەیە هەروا بە چۆڵی و بێکەسی مایەوە تا پاش دەستپێکردنەوەی شەڕ لە 1974 دا , ئەو کاتە تەها محێدینی بۆ دانرا.

لە 18ی مانگدا نامەیەك لە بارزانییەوە هات داوای تێدا کردبوو من یا ئیدریس یەکێکمان بگەڕێینەوە و ئەوانی تر لە بەغدا بمێننەوە , من گەڕامەوە و ئەوان مانەوە , پاشان دەسکاری وەزارەتیش کرا و ئەمانەی خوارەوەی چوونە ناو :

ساڵح یووسفی : وەزیری دەوڵەت , محەمەد مەحموود عەبدوڕەحمان (سامی) : وەزیری کاروباری باکور, نووری شاوەیس : وەزیری کار , نافیز جەلال : وەزیری کشتوکاڵ , ئیحسان شێرزاد : وەزیری شارەوانییەکان.

برادەرانی ئەندامی وەفد هەموویان لە 27ی ئاداردا لەگەڵ وەزیرە نوێیەکان گەڕانەوە کوردستان بۆ وەرگرتنی ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی بارزانی.

پاشانیش لێژنەیەکی تێکەڵ بەناوی لێژنەی ئاشتییەوە بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێککەوتننامەی 11ی ئادار پێك هات , لێژنەکە لەبەری حکوومەتەوە لەم کەسانە :

مورتەزا حەدیسی : سەرۆك , سەعدوون غەیدان و خالید عەبدولحەلیم و شوکری حەدیسی و سەرکردەی فیرقەی دوو ئیسماعیل تایە نعێمی : ئەندام و , لەلایەنی کوردیشەوە لە : محەمەد مەحموود عەبدورەحمان (سامی) و سالح یووسفی و نووری شاوەیس و نافیز جەلال : بە ئەندامەتی پێك هاتبوو.
سالی یەکەمی ڕێککەوتنەکە زۆر کار جێبەجێ کرا و ئیشەکان بە شێوەیەکی ئاسایی بەڕێوە دەڕۆیشتن , وەك ئەوە کە 10 دینار مانگانە بۆ خێزانی هەر شەهیدێك بڕایەوە و 12 بەتالیۆن پێشمەرگە هەریەکەی 500 ئەندامی هەبێ بەناوی پاسەوانانی سنوور پێك هێنران و کارەکە وا ڕێك خرا کە پێوەندییان بە وەزارەتی ناوخۆوە بێت , هەروەها چەکی هەموو جاشەکان , کۆن و نوێیان داماڵرا (پاشان دەرکەوت ئەو چەك داماڵینە تەواو نەبووە).
ساڵێکی نەبرد ناکۆکی سەری هەڵدا و , گیروگرفت دەرکەوت و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کەڵەکەی دەکرد و وردە وردە ئەو گەرمی و کەفوکوڵەی لە پێشەوە هەبوو کە تازە دەست کرابوو بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە , لە مەیداندا نەما.
هەر لە ماوەی یەکەمدا چەند ڕووداوی پڕ مەترسی ڕوویان دا لە ڕۆژی 14ی ئازاری 1970 نارنجۆکێکی دەستیان فڕێدایە قوتابخانەیەکی کچانەوە لە سلێمانی ، ئەوەی کارەکەی کرد گیرا و لە سێدارە درا , بەڵام ئەوەی فیتنەکەی لە ژێر سەردا بوو (.... ) توانی هەڵبێت بۆ دەرەوەی وڵات ، لە ڕۆژی نەورۆز 21ی ئاداری 1970 دا ڕووی دا , کاتێ کە جەماوەری بەغدا ئاهەنگی جەژنی نەورۆزیان دەگێڕا , زرتە بۆزەکانی ئەمن کادیری چالاکی شیوعی محەمەد خدریان فڕاند و بەشێوەیەکی دڕندانە سزایان دا و لاشەکەیان لە سەدرلقەنات فڕێ دا , ئەم تاوانە نیشانەیەکی خراپی ئەوە بوو کە ڕژێم لە ژێر سایەی ڕێککەوتننامەی ئاداردا نیازی کردنی چ جۆرە تاوانگەلێکی دەرهەق کەسانی تر هەیە , بارزانی زۆر بە توندی ناڕەزایی خۆی لەم ڕووداوە دەربڕی.
ڕووداوی سێیەمیش لە مووسڵ ڕووی دا لە 12ی نیسان :

تاخمێك لە جاشەكانی لەتۆ زێباری و محێی هەركی بە هاندانی ئەفسەری ئیستیخباراتی فیرقەی چوار هێرشێكیان بردە سەر بارەگای لقی یەكی پارتی دیموكراتی كوردستان لە مووسڵ , لە ئەنجامی ئەو هێرشەدا پێشمەرگەیەك شەهیدبوو و دووانیش بریندارکران , ڕژێم بانگەشەی كرد كەوا كاری توند و تیژی لە ئاست دەستدرێژی كەراندا كردووە , بەلام لە ڕاستیدا هیچی نەكرد.

## سەردانم بۆ سلێمانی و كەركووك و هەولێر

كۆمەلانی ڕۆژنامەنووسان لە دوو مانگی نیسان و ئایاری 1970 دا , لە ولاتگەلی جیا جیا و لە بیروباوەڕ و نەتەوەی جیاجیا , لە عارەب و ئەورووپایی و ئەفریقایی و ئاسیایی و ژمارەیەكی زۆر لە ولاتە سۆشیالیستەكان و ولاتە عارەبەكانەوە , بەسەر بارەگای شۆڕشدا دابارین , زۆریان پێوە خەریك بووین , بە پێشوازی كردن و بەڕێكردن و بە چاوپێكەوتن و گفتوگۆ لەگەڵ كردن و زانیاری پێدانیان كە هاتبوون ئەو زانیارییانە وەربگرن , هەروەها بەشی زۆری سەرۆك جاشەكانیش هاتن بۆ لێبووردن خوازی و بیانوو هێنانەوە لە جاشایەتییان و , بۆ ڕاگەیاندنی پەشیمانی و تۆبەكردن و داوای لێ خۆشبوون , بارزانیش لێیان خۆش دەبوو.

بڕیاریش درا ئەندامانی سەركردایەتیی پارتی بكەونە گەڕان بە ناوچەكانی كوردستاندا بۆ ئاگاداربوون لە بارودۆخی ئەو ناوچانە , بڕیار درا من و دوكتۆر مەحموود عوسمان و فرەنسۆ هەریری و شەكیب ئاكرەیی و محەمەد عەزیز و سالح مەحموود سەر لە ناوچەكانی سلێمانی و كەركووك و هەولێر بدەین ئیدریسیش لەگەڵ ئەو كۆمەڵەدا بوو كە سەریان لە ناوچەكانی مووسڵ و دهۆك و زاخۆ دا.

ڕۆژی 24ی ئایار وەفدە حزبییەكەمان بەرەو سلێمانی كەوتە ڕێ , لە ماوەی ڕۆژانی نێوان 25ی ئایار و یەكی حوزەیراندا لەسەردانی هەورامان و شارەزوور و شارباژێڕ و دووكان بووینەوە , هەروەها سەرمان لە هەموو بارەگاكانی پارتی و سوپای شۆڕش دا , جەماوەری ئەو ناوچانە جوانترین پێشوازییان لێ كردین , لە هەڵەبجەش بەشداریمان لە بیرەوەریی شەهیدبوونی

سەرکردە عەزیز ئەتروشیدا کرد , لە سلێمانیش لە کۆبوونەوەیەکی بەربلاوی ڕۆشنبیران و نووسەران و هونەرمەندانی کورددا بەشدار بووین.
لە 2ی حوزەیراندا لە سەردانی سلێمانی بووینەوە و ڕوومان کردە کەرکووك , عەسری هەمان ڕۆژ جەماوەرێکی زۆر لە یاریگەی شاردا کۆبوونەوەو , بڕیاردرا نوێنەرێکی حزبی بەعسیش لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بێت و تەها جەزراوی بۆ ئەم نوێنەرایەتییە دەستنیشان کرا , لەوانەشە دەستنیشانکردنی ئەم پیاوە شتێکی دەسەنقەست بوو بێ و مەبەست ئەوە بووبێ ترس و لەرزێ پێ بخرێتە دڵ و دەروونی کۆمەڵانی خەڵکەوە.
کۆڕێکی کراوە ڕێك خرا , تیایدا یەکێك لە هاووڵاتیان ئەم پرسیارەی کرد :
– ئاخۆ کەرکووك شارێکی کوردستانییە ؟
وەڵامم دایەوە :
– بەڵێ , کەرکووك کوردستانییە , ئەوەش بۆچوونێکی پێچەوانەی ئەمەی هەیە , با بگەڕێتەوە بۆ مێژوو و باش لێی وردبێتەوە تا لە قسەکەی من دڵنیابێ.
جەماوەر لە خۆشی وەڵامەکەی من شێت بوون , هووتاف و دروشمدان بە ئاسماندا بەرزبووەوە جۆشوخرۆشێکی خوێنگەرمی بوو , کەم جار شتی وا روو دەدا , بەعسییەکانیش بێدەنگ مانەوە و هیچ نارەزایی و رەخنەیەکیان لێ دەرنەکەوت.
گەرامەوە بۆ جەختکردن لەسەر قسەکەی خۆم و وتم :
– بەڵێ , کەرکووك بەشێکە لە کوردستان.
تەها جەزراوی لە شوێنەکەی خۆیدا جوولەی پێ کەوت و پەستبوونی بە ئاشکرا پێوە دیاربوو , بڕیار وا بوو عەسر بچین بۆ مەکتەبی ڕێکخستنی بەعس لە کەرکووك و پاشان بچین بۆ شێو خواردن و ئەندامانی مەکتەبی ڕێکخستنی بەعس مێوانی لقی سێی پارتی دیموکراتی کوردستان بن , بەڵام ئەم بەرنامەیە هەڵوەشێنەرایەوە.

هەر لە کەرکووك سەرمان لە زۆر لە قەزا و ناحیە و دێهاتی کوردی وەك کفری و تووزخورماتوو و چەمچەماڵ و ناوچەی گەرمیان و شوان و شێخ بزەینی دا و تێکەڵاوی جەماوەر بووین و چووینە ناو خەڵك و سەرمان لە بارەگاکانی پارتی و سوپای شۆرشگێر دا.
بەتالیۆنی پێنجی قەرەداغ بەشێوەیەکی تایبەتی سەرنجی راکێشاین , چ لە رووی لێهاتووی و چ لە رووی رێکوپێکی و چ لە رووی مەشق وپێکراوییەوە , وەك باشترین یەکە لەناو یەکەکانی سوپای شۆرشگێردا هاتە پێش چاومان , گومانیشی تێدا نییە ئەمە هەمووی بۆ زیرەکی و لێزانی و لێهاتوویی حەمید بەرواری و یارمەتیدەرەکانی دەگەرایەوە.
برووسکەیەکم لە بارزانییەوە پێ گەیشت داوای لێ کردبووم دەسبەجێ بگەرێمەوە بۆ حاجی ئۆمەران چونکە ئەرکی ئەوەم خرابووە ئەستۆ لەگەڵ شێخ محەمەد خالید و رەبیعی کوریدا برۆم بۆ دەرەوەی عێراق , دوکتۆر مەحموودم بەجێ هێشت , ئەو چوو بۆ خانەقین و من گەرامەوە بۆ هەولێر , لەوێ سەرم لە لقی دوو و پاشان لە بارەگای هێزی دەشتی هەولێر دا و , لە پێنجی حوزەیراندا لە حاجی ئۆمەران بووم.

*یەکێ لەو شتە خۆشانەی ئەم سەفەرەمان کە لە یادمن ئەوەیە کاتێك لە کەرکوك کە بۆ مەڵبەندەکەی حزبی بەعس دەچووین , منداڵێکی پایسکل سوار رێی بە ئۆتۆمۆبیلەکەم گرت , دوکتۆر مەحموودیش لەلامەوە بوو , منداڵەکە هاتە پێشەوە تا لامان وەستا , پەنجەی بۆ شووشەی ئۆتۆمۆبیلەکە راکێشا کە دایدەینەوە چونکە قسەیەکی پێیە دەیەوێ بۆمانی بکا , منیش جامەکەم دادایەوە , ئەنجا ووتی : -
- بە فیدای باوکت و دەمی تۆش بم , بەلآم تکاتان لێ دەکەم , تکاتان لێ دەکەم لە کاتی قسەدا ئەوەندە وشەی عارەبی بەکارمەهێنن , ئەنجا ئاماژەی بۆ من کرد و وتی :-
- وشەی (فی الحقیقە) بەکارمەهێنە.
رووشی کردە دوکتۆر مەحموود و پێی وت :-
- تۆش وشەی (طبیعی) بەکارمەهێنە.

لە هەشتی حوزەیراندا سەدام حوسێن و حەردان عەبدولغەفار و چەندین کەسی تر هاتن بۆ حاجی ئۆمەران , دەرکەوت لە قسەکانی کەرکووکم بێزار و نارەحەت بوون , سەدام لە حوزووری بارزانیدا گلەیی لێ کردم و داوای کرد لەم جۆرە رێکەوتانەدا چاودێریی بەرژەوەندی بالآی عێراق بکرێ.
بەرنامەی ئەو وەفدەش کە لەگەڵ کاك ئیدریس رۆیی بۆ بادینان هەروەك نامەی وەفدەکەی ئێمە بوو زانیم ئەوانیش سەریان لە ناوچەکانی مووسڵ و دهۆك و زاخۆ و شنگار و بارەگاکانی پارتی و سوپای شۆرشگێر لەم شوێنانە داوە و چاویان بە جەماوەری گەل کەوتووە و هەمان پێشوازی گەرمیان لێ کراوە کە لە ئێمەش کرا.
بە راستی شتێکی دڵخۆشکەرە مرۆڤ پاش ئەو قوربانیدانە مەزنانە و ئەو خوێنە زۆرەی رژا پاداشتی سەرکەوتن و رەنگدانەوەی لەناو گەلی کورددا وەربگرێت , ئێمە هەستمان دەکرد کەوا پێشمەرگە و ئەندامی پارتی لەناو رۆڵە سادەکانی گەلدا چ پایە و پلەیەکیان هەیە , ئەو پایەو پلەیە هیچ پایە و پلەیەکیان ناگاتێ , هەریەکێك لەو رۆڵە سادانەی گەل لای وا بوو ئەگەر پێشمەرگەیەك یان ئەندامێکی پارتی رێی بکەوێتە ماڵەکەی , ئەوە شەرەفێکی گەورە و هەڵاوێردەییەکی تایبەتی پێ دراوە و مایەی شانازی پێوەکردنی دەستگیر بووە.

## ئەندامانی وەفدی کورد

*وەفدی کورد کە بارزانی سەرۆکی بوو , پێك هاتبوو لە حەبیب محەمەد کەریم و دوکتۆر مەحموود عوسمان و ساڵح یووسفی و نووری شاوەیس و عەلی عەبدوڵلا و محەمەد مەحموود عەبدورەحمان (سامی) و دارا تۆفیق و ئیدریس بارزانی.
*وەفدە رەسمییەکە لەم کەسانە پێك هاتبوو : فەریق حەماد شەهاب سەرۆکی ئەرکانی سوپا ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆرش , فەریق سەعدوون غەیدان ئەندامی ئەنجوومەنی

سەرکردایەتیی شۆرش , عەبدوخالق سامەرایی ئەندامی سەرکردایەتیی ولآت و ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆرش , مورتەزا حەدیسی ئەندامی سەرکردایەتیی ولآت و ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆرش , تاریق عەزیز ئەندامی سەرکردایەتیی ولآت و ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆرش , سەمیر عەزیز نەجم ئەندامی سەرکردایەتیی ولآت و ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆرش عەمید روکن محەمەد عەلی سەعید بەرێوەبەری بزاوت لە وەزارەتی بەرگری , عەزیز شەریف و فوئاد عارفیشیان لەگەڵ بوو.

**لە نێوان 11ی ئازاری 1970 تا 11ی ئازاری 1974 وێرای ئەوەی ئەزموونێکی زۆر گەورەو گرنگ بوو بۆ پارتی کە توانی زۆر سەرکەوتوانە بۆ ماوەی 4 ساڵ ئیدارەی کوردستان ببات بە رێوە لە رووی ئاوەدانکاری و پێشخستنی ولآت لە لایەنی ئابوری و رۆشنبیری و بیری نیشتمانی و نەتەوەییەوە گەشە بکات، لەگەڵ بە هۆشیاری مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخە سیاسی و دبلوماسیە زۆر ناسك و هەستیارەکانی ئەو سەردەمە ، پارتی توانیماڵی کورد یەکخاتەوە و یەکریزی گەڵ بپارێزێ و زیاتر تۆکمەی بکات و هەموو چین و ئاین و نەتەوە و بیرە جیاوازەکان لە ژێر چەتری کوردایەتیدا کۆبکاتەوە و رابەرایەتیان بکات .**
**هەرچەندە لەو 4 ساڵەدا گەلێك پیلانی جوراوجۆر دژی بارزانی نەمر و شۆرشی ئەیلول گێردراو بەرە بەرە رژێمی بەعس لە رێککەوتننامەکە پەشیمان بووەوە و هەوڵێکی زۆریشی دابوو لە ناو ریزەکانی پارتیدا خەڵکانێك لە خشتە ببات و بیانکاتە پیاوی خۆی .**
**ئێستاش با هەمووومان پێکەوە گوێ لە سەرۆك مسعود بارزانی بگرین باسی چۆنیەتی خلیسکانی ژمارەیەك کادری سەرکردایەتی بۆ ناو بەرەی دەوژمنی گەل و دوا خولەکانی گفتوگۆی سەرکردایەتی شۆرش و رژێمی بەعس مان بۆ دەگێرێتەوە :**